https://www.doi.org/10.31918/twejer.17mlc.5

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# کەسێتیی قسەکەری ڕەسەن لە نێوان ئەفسانە و زانستدا

(هەڵەتێگەیشتنی چەمکییانەی زاراوە زانستییە ئینگلیزییەکانی "وانەی زانست"ی پۆلی یەکەم وەک نموونە)

پ. ی. د. کاروان عومەر قادر
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان– بەشی کوردی

**پوخته**

لێکـۆڵینەوەی (کەسـێتیی قسـەکەری ڕەسـەن لە نێـوان ئەفسـانە و زانسـتدا- هەڵەتێگەیشـتنی چەمکییـانەی زاراوە زانسـتییە ئینگلیزییەکـانی "وانەی زانست"ی پۆلی یەکەم وەک نموونە) هەوڵدەدات شرۆڤەی گرنگیی چەمکی (قسەکەری ڕەسەن) لە زماندا بە گشتی و لە زمانی کوردیدا بە تایبەتی، بکات. بەمشێوەیە لێکۆڵینەوەکە دەیەوێت لە ڕوانگەی زمانەوانیی کـارەکییەوە بە شـێوەیەکی گشـتی و تـایبەتریش لە گۆشـەنیگای چەمکـی (پێناسـی زمـانی)یەوە بەهـای قسـەکەری ڕەسـەن و پێناسـی قسـەکەری ڕەسـەن بنوێنێـت. تێـڕوانین و بیـرۆکەی ئەم لێکـۆڵینەوەیە گرنگییەکـی تـایبەتی بۆ چەمکی زمـانی دایک هەیە، کە زمـانی یەکەمە، کە قسـەکەری ڕەسـەنی هەر زمانێـک زمـانی پێیـدەپژێت، هەروەهـا ئەم لێکـۆڵینەوەیە بـاوەڕیوایە، کە ئەم زمـانی یەکەمە تەنهـا بنەمـایەک نییە بـۆ پاراسـتنی زمانەکـان، بەڵکو بنەمایەکیشـە بـۆ پێـواژۆی فێربـوون و گەشـەی ئـاوەزی قسـەکەری ڕەسـەن. هەربـۆیە پێـواژۆی فێربـوونی قسـەکەری ڕەسـەن بە زمانی یەکەم پێواژۆکە ئاسان و خێرا دەکات. ئەمە جگە لەوەی دوریشـی دەخـاتەوە لە هەڵە تێگەیشـتنی چەمکییـانەی زاراوە زانسـتییەکانی زانسـتە پەتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

لەم تێگەیشتنەوە و بۆ مەبەستی پاساودانی زانستیانە، لێکۆڵینەوەکە هەوڵـدەدات لە دوو بەشــی تەواوکاریـدا لایەنە تیـۆری و کارەکییەکـانی بنوێنێـت، بە شـێوەیەک لە بەشـی یەکەمـدا و لە دوو پـاردا هەوڵـدەدرێت پەیوەسـت بە ڕێبـازی کـارکردنی (زانسـتی زمـانی کـارەکی)یەوە خـودی چەمکی (قسـەکەری ڕەسـەن لە تێڕوانینە ئەفسـانییەکانەوە بۆ درکپێکردنە زانستییەکان) شرۆڤە بکات. هەرچی بەشی دووەمە زیاتر تەرخـانکراوە بۆ شـرۆڤەی کارەکییـانەی چەمکـی (پێناسـی کەسـێتی و پێناسـی کەسـێتی

زمـانی)ی قســەکەری ڕەســەن هەم لە زانسـتی زمـانی کارەکیـدا و هەم لە زمانی کوردیدا.

**وشــە کلیلیەکــان:** زمــانەوانیی کــارەکی، ســیمانتیکی درکپێکــردن، سیمانتیکی چوارچێوەیی، قسـەکەری ڕەسـەن، پێناسـی کەسـێتی، پێناسـی کەسێتیی زمانی

## کەسێتیی قسەکەری ڕەسەن لە نێوان ئەفسانە و زانستدا

## (هەڵەتێگەیشتنی چەمکییانەی زاراوە زانستییە ئینگلیزییەکانی "وانەی زانست"ی پۆلی یەکەم وەک نموونە)

### پێشەکی:

زمان تەنها ئامێری دەربڕین و گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو وێڕای ئەم ئەرکە گرنگ و سەرەکییەی، زمان لە خۆیدا داڕێژەری ڕەفتارە تاکگەراییەکان و لکێنەری کۆپەیوەندییە مرۆییەکانیشە، کە لە ئاوێتەبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەفتارە تاکگەرایی و گشتییەکانەوە دێتەبوون. بەمجۆرە زمان هەم داڕێژەری نۆرمە کلتورییەکانە و هەم گوێزەرەوەشیەتی. لەم تێگەیشتنەوە مامەڵکردنی ئامێرییانە لەگەڵ زماندا چ لە پێواژۆی گواستنەوەی زانیاریدا چ لە پێواژۆی بەکاربردنی تایبەتی زماندا بە شێوەیەکی کارەکی لە بوارە جیاوازەکانی (پەروەردە و فێرکردن، ڕاگەیاندن و میدیا، زانست، یاسا و کارگێڕی و ... هتد)دا لە خۆیدا مامەڵەیەکی نالۆژیکی و ئەبستراکتیە و دابڕانی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤە لە ئامێری گواستنەوەی بیرەکانی و جێبەجێکەری کردەی پەروەردە و فێرکردنیەتی لە سەرجەم بوارەکاندا. هەربۆیە هەژمارکردنی زانستانە بۆ کۆزانیاریی نۆرمییانەی هاوپێچی زمان لە خۆیدا هێندەی گرنگیدان بە خودی زمانەکە گرنگە، چونکە ئەم کۆزانیارییە نۆرمییانەی هاوپێچی زمانە هەڵگری چەپکە نیشانەکانی کەسێتی مرۆڤەکانی خاوەن زمانەکەن و دیارخەری پێناسی کەسێتیی مرۆڤەکانن.

بەمشێوەیە هەر لە کۆنەوە کۆمەڵی مرۆیی بەردەوام هەوڵیداوە پەروەردەی نەوەکانی چ لە ناو خێزاندا چ لە ناو کۆمەڵدا چ لە ناو پۆلی خوێندندا بە زمانی ڕەسەنی کۆمەڵەکەی خۆی، بکات. ئەم هەوڵەش لە

تێگەیشتنی ئەو ڕاستییەوە هاتووە، کە پەروەردەکردن بە زمانی ڕەسەنی کۆمەڵەکەی خۆی، وێڕای ئەوەی ساناکردن و خێراکردنی پەروەردەکردنەکە، لە هەمانکاتیشدا پارێزگاری لەو کۆزانیارییە نۆرمییە ڕەسەنەی کۆمەڵەکە دەکات، کە هاوپێچی زمانە ڕەسەنەکەیە و مەبەستییانە نەوە دوای نەوە بیهێڵنەوە و بیگوازنەوە. لەم گۆشە نیگایەوە دەکرێت بگوترێت، کە زمان تەنها کاریگەری لە سەر پەروەردە و فێرکردن نییە، بەڵکو کەسێتی تاک و کۆمەڵیش، کە بە زمانە ڕەسەنەکەوە هاوپێچە کاریگەریی بەهێزی لە سەر پێواژۆکە هەیە. هەربۆیە ئەگەر خوێندنی مرۆڤ (لە هەر بابەتێکی زانستی پەتی یان زانستی مرۆیی بێت) بە زمانی ڕەسەنی یەکەمی نەبێت و بە زمانێکی جیاوازی بێگانەی دووەم بێت، ئەوا زۆر زەحمەتە ئەو فێرخوازە جگە لە ڕاستییە زانستییەکان (کە مەرج نییە هەموو جارێکیش بێت!) هیچ ڕاستییەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی و درکپێکردنانە لەو فێربوونە وەربگرێت. خودی ئەمەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، کە کەسێتی مرۆڤ زیاتر لە ڕێگەی (کاریگەرییە بۆماوەیی و ژینگەییەکانەوە) شێوەی دادەڕێژرێت. بێگومان لەم نێوەندەدا (کاریگەرییە کلتورییەکان) لە هەمووان زیاتر کاریگەری هەیە و زانراویشە، کە کۆزانیاریی نۆرمە کلتورییەکان تەنها لە ڕێگەی زمانەوە دەگوازرێتەوە و دەبێتە بنەمایەک بۆ مۆدێلکردنی ڕەفتار. بەمجۆرە ئەگەر تێگەیشتن لە کەسێتی ڕاستەڕێی گەیشتن بە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی مرۆڤەکان بێت، ئەوا بەکاربردنی زمانی ڕەسەنی ئەو کەسێتییە کلیلی دەرگای ئەو ڕاستەڕێیەیە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە تێگەیشتن لە کەسێتییە جۆراوجۆرەکان یارمەتیدەرە بۆ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی، کە فێرخوازەکان هەم خاوەنی کەسێتین و هەم کەسێتیشیان جیاوازە. لێرەشەوە دەتوانرێت هەر فێرخوازێکی خاوەن کەسێتیی جیاواز نرخ و بەها و تایبەتمەندی خۆی پێبدرێت و بە پێی جیاوازی ئەو نرخ و بەهایەی هەیەتی مامەڵەی پەروەردەییان لەگەڵدا بکرێت.

بەمشێوەیە پێویستە پێواژۆی پەروەردەکردن و خوێندنی فێرخوازان بە زمانی ڕەسەنی یەکەمیان بێت، کە هاوپێچە بە کۆزانیاری نۆرمە کلتورییەکان و هەڵگری سەرجەم ئەو چەپکە نیشانە کلتوریی و کەسێتییە جیاوازانەیە و ڕەنگدانەوەی بویەری ژیانی فێرخوازانە و بە هۆیەوە لە (هەڵەتێگەیشتنی چەمکییانە)ی وشە و زاراوە ئینگلیزییەکانی بابەتە زانستییەکان بە دوور دەبن.

لەم تێگەیشتنەوە و بۆ مەبەستی پاساودانی زانستانە، لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات لە دوو بەشی تەواوکاریدا لایەنە تیۆری و کارەکییەکانی بنوێنێت، بە شێوەیەک لە بەشی یەکەمدا و لە دوو پاردا هەوڵدەدرێت پەیوەست بە ڕێبازی کارکردنی (زانستی زمانی کارەکی)یەوە خودی چەمکی (قسەکەری ڕەسەن لە تێڕوانینە ئەفسانییەکانەوە بۆ درکپێکردنە زانستییەکان) شرۆڤە بکات، بە شێوەیەک لە پاری یەکەمدا ئەفسانەیی چەمکی قسەکەری ڕەسەن دەخرێتەڕوو و لە پاری دووەمیشیدا چەمکەکە لە بۆتەی زانستێتی (زمانەوانیدا) درکپێبکات. هەرچی بەشی دووەمە زیاتر تەرخانکراوە بۆ شرۆڤەی کارەکییانەی چەمکی (پێناسی کەسێتی و پێناسی کەسێتیی زمانی) قسەکەری ڕەسەن هەم لە زانستی زمانی کارەکیدا و هەم لە زمانی کوردیدا، بۆ ئەم مەبەستەش بەشەکە لە دوو پاری تەواوکاریدا خراوەتەڕوو، بە شێوەیەک لە پاری یەکەمدا هەردوو چەمکی (پێناسی کەسێتی و پێناسی کەسێتیی زمانی) پەیپێبراوە و لە پاری دووەمیشیدا هەوڵدراوە (لەدەستدانی پێناسی کەسێتیی زمانی قسەکەری ڕەسەن) شیتەڵ بکرێت و وەک لایەنی کارەکیش هەوڵدراوە، کە پەیوەست بە تیۆری (سیمانتیکی چوارچێوەیی"Frame Semantics") قوتابخانەی (سیمانتیکی درکپێکردن)ی (زانستی زمانی درکپێکردن) شرۆڤە هەم بۆ چەمکی (زاراوە ئینگلیزییەکانی بابەتی زانستەکانی پۆلی یەکەم) بکرێت و هەم کەموکورتی ئەوەش بخرێتەڕوو، کە خودی ئەو

زاراوە زانستییانە لە هەر زمانیکدا نمایندەی چەمکێکن، کە پاشخانێکی کۆزانیارییان هەیە و ناکرێت بە دابڕاوی فێرخوازەکە فێر بکرێت، چونکە ئەمە هەم هەڵەتێگەیشتنی چەمکییانە لە خودی چەمکە زانستییەکە دروست دەکات و هەم توانستی تێگەیشتن لە خودی زانستەکەش ئاڵۆز دەکات.

## ١- چەمکی قسەکەری ڕەسەن لە تێڕوانینە ئەفسانەییەکانەوە بۆ درکپێکردنە زانستییەکان:

### ١-١- ئەفسانەیی چەمکی قسەکەری ڕەسەن:

(قسەکەری ڕەسەن) وەک چەمکێک لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا هەمیشە لێڵ و سرک بووە و بەردەوام لە نێوان (قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە)دا ماوەتەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم پێگە هزرییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە چەمکی (قسەکەری ڕەسەن) لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ (کۆزانیاری زمانی). ئەمە جگە لەوەی پێوەرێکیشە بۆ بەکاربردنی زمان. هەر ئەم گرنگییەی (قسەکەری ڕەسەن)یشە، کە بەردەوام لە زمانەوانیدا وەک بنەمایەکی سەرەکی هەم داتا وەرگرتن و هەم بڕیاردان لە سەر ڕاستی و دروستیی داتا زمانییە شیکراوەکان هەژمارکراوە. هەر ئەمەشە وای لە کۆزمانەوان (فیشمان) کردووە، کە بڵێت: ((زمانەوانەکان هەمیشە پێگەیەکی تایبەتی بە قسەکەری ڕەسەن دەدەن، بەو پێیەی قسەکەرە ڕەسەنەکان تەنها سەرچاوەی ڕاست و لەبەردەستدابووی داتا زمانییەکان))ن (Ferguson, 1983: vii). بەمشێوەیە هەوڵدان بۆ ڕاڤەکردنی چەمک (ی قسەکەری ڕەسەن) گەلێکن، کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی گشتی بە سەر دوو جۆردا پۆلێن بکرێن، کە پۆلی یەکەمیان ئەو کەسانەن، کە پێیانوایە چەمکی (قسەکەری ڕەسەن) بریتییە لە خودی زمانی ڕەسەن و لەیەککاتدا کۆزانیاری زمانیی زمانە ڕەسەنەکە و چۆنیەتی و چییەتیی بەکاربردنی زمانە ڕەسەنەکە دەگرێتەوە. هەرچی پۆلی دووەمیانە زیاتر پێیانوایە، کە

چەمکی (قسەکەری ڕەسەن) زیاتر تەنها لە بەکاربردنی زمانەکەدا خۆی دەبینێتەوە و دایدەبڕن لە پاشخانە کلتوورییەکەی لێوەی هاتووە یان تێیدا بەکاردەبرێت (Davies, A. and Elder, C. 2004: 432-433). بەمشێوەیە هەریەکە لە پەیڕەوکەرانی ئەم دوو پۆلێنەی چەمکی (قسەکەری ڕەسەن) لە ڕوانگەی تێگەیشتنی تایبەتی خۆیانەوە لە بەکاربردنی چەمکەکە لە سەرجەم بوارە جیاوازەکانی (فێربوونی زمانی دووەم، شارەزایی لە زمانی دووەم، بەکاربردنی زمانی دووەم لە پێواژۆی فێرکردن، کاریگەریی کەسێتیی فێرخواز لە پێواژۆی فێرکردندا)[١] دەڕوانن، بە شێوەیەک، کە پەیڕەوکەرانی پۆلێنی یەکەم پێیانوایە بێ ڕەچاوکردنی چەمکی (قسەکەری ڕەسەن) بە پێی تێگەیشتنی ئەوان سەرجەمی ئەو پێواژۆیانەش شکست دەهێنن، بەڵام پەیڕەوکەرانی پۆلێنی دووەم تەواو بە پێچەوانەی پۆلێنی یەکەمەوە لە جێبەجێکردنی ئەم پێواژۆییانە دەڕوانن، واتە ئەمان پێیانوایە پێویست ناکات لە پێواژۆکانی (فێربوونی زمانی دووەم، بەکابردنی زمانی دووەم وەک زمانی فەرمی، شارەزایی پەیداکردن لە زمانی دووەم، کاریگەریی کەسێتی لە پێواژۆی فێربووندا) هەرگیز چەمکی (قسەکەری ڕەسەن) بکرێتە بەربەست[٢]. هەربۆیە دەبینین لە زانستی زمانی کارەکیدا (فێرگسۆن) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە: ((باشتروایە هەموو مەتەڵ و نهێنی قسەکەری ڕەسەن و زمانی دایک بە هێمنی لە کاری پسپۆڕییانەی زمانەوانەکان دوور بخرێتەوە، تا کاری زمانەوانی دوور بکەوێتەوە لەو ئەفسانانەی دەربارەی زمانن))(Ferguson, 1983: vii). وێڕای ئەم جۆرە بۆچوونانە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، بەردەوام چەمکی (قسەکەری ڕەسەن) وەک چەمکێکی واقعییانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و دوورخراوەتەوە لە خەیاڵ و ئەندێشە و نازانستێتی. ئەم باوەڕەشیان لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تەنها قسەکەری ڕەسەنی زمانی دایک ئاشنا و شارەزایی گەنجینەی زمانەکەیە و ئاخاوتنەکانی ئەم قسەکەرە ڕەسەنەش هەمیشە پارێزەر و گوێزەرەوەی ئەو نۆرمە کلتوورییەی

گەنجینەی زمـانەکەیە. ئەمە وێـڕای ئەوەی چەمکـی (قسـەکەری ڕەسـەن) بنەمایەکی بەهێزە بۆ دیاریکردنی ڕادە و ڕێژەی (زمانپاراوی)[٣] لە زماندا و بڕیـاردان لە قسـەکەرە ڕەسـەنەکانی تـری زمـانەکە و بەشـداریکردنی کۆزانیـاری نۆرمییـانەی کلتـووریی داکـراو لە پاشـخانی زمـانەکەدا، کە هـاوپێچی زمـانی یەکەمـی قسـەکەرە ڕەسـەنەکەیە. هەر ئەم کۆزانیـارییە هـاوپێچە داکراوەی زمانەکەشـە، کە لە ئاخاوتنەکـانی قسـەکەری ڕەسـەندا بنەمـایەک دەبێـت بـۆ شـرۆڤەکردن و تێگەیشـتنی داتـا زمـانەوانی و نازمانەوانییەکـانی زمـانەکە[٤]. هەر لەمبارەیەشـەوە Tajfel (1981) بانگەشەیەی ئەو ڕاستییەی کردووە، کە شکستهێنان لە ڕاڤەکردنی چەمکی (قسەکەری ڕەسەن)دا بە شێوەیەکی تەواو و پڕاوپڕ لە خۆیدا ئاماژەیەکی ڕوونە بـۆ لێڵـی و سـرکیی ئەم چەمـکە. هەربـۆیە ئەم پێیـوایە، کە: (( بـۆ ئەوەی ئاخێوەر ببێتە قسەکەری ڕەسەنی زمانێک، دەبێت نەبێتە قسەکەری ناڕەسەنی زمانەکە))(Tajfel (1981:317).

بەمشـێوەیە مـانەوەی چەمکـی (قسـەکەری ڕەسـەن) لە نێوەنـدی ئەم چەندوچوونەدا لە خۆیدا چەمکەکەی لێڵکردووە و بۆتە هۆی هاتنەکایەی بیروبۆچـوونە جیاوازەکـان لە بـارەیەوە. بەمەش چەمـکەکە لە نێوەنـدی قبـوڵکردن و ڕەتکـردنەوەدا چیرۆکـی جیـاواز چێـوەی داوە و ئەفسـانانە خـۆی دەنوێنێـت. هەربـۆیە سـەرجەمی ئەو بابەتـانەی پەیوەستیشـە بەم چەمکەوە لە خۆیاندا چەندوچوونی جیاواز لە بارەیانەوە و دروستبووە، کە هەندێک لەو بۆچوونانەش گەیشتۆتە ڕادەی بیروباوەڕ. بۆ نموونە لە (پێـواژۆی توانسـتی فێربـوونی زمـانی دووەم)دا، فێرخـواز بەردەوام لە ڕوانـگەی بەراوردکردنـی شـارەزاییە زمانییەکـان لە زمـانی دووەمـدا بە قسـەکەری ڕەسـەنی زمانەکە لە ڕوانگەی (زمانپاراوی) و توانـای زمـانی قسەکردن و گوێگرتن و نووسین و خوێندنەوە) چەند بیروباوەڕێک لە لای دەبێـتە بەربەسـت هەم لە بەردەم فێربـوونی زمـانی دووەمیـدا و هەم

گەشـەکردنی تواناکـانی لە زمـانی دووەمـدا، کە ڕەنـگە لە گرنگتـرین ئەو بیروبـاوەڕە هەڵانەش، کە لەم بـوارەدا هـاتونەتە کـایەوە و پەیوەسـتە بە ئەفسـانەی چەمکـی (قسـەکەری ڕەسـەن)ەوە خـۆی دەبینێـتەوە لەو چەمکانەی بە پێواژۆی فێربوونی زمانی دوومەوە لە ئاوەزی فێرخـوازدا ئاڵاون، وەک دیـاریکردنی باشـترین ڕێـگە و تەکنیـک بـۆ فێربوونەکەیـان، گونجـاوترین تەمەن بـۆ فێربـوونەکە یـان نەبـوونی بـاوەڕ بە چەمکـی زمانپاراوی و توانای دەستڕاگەیشتنی یان هەوڵدانی فێرخـواز بۆ شکسـتە بەردەوامەکـانی لە فێربـوونی زمـانی دووەمـدا و سـپاردنی بە چەمکـی (بەهرەداریـی) و ڕوانـین لە فێربـوونی زمـانێکی دیـکە وەک بەهرەیەکـی بەخشـــراو نەک بەدەســـتخراو. هەنـــدێکجار ئەم بیروبـــاروەڕانە لە لای فێرخـوازانی زمـانی دووەم هێنـدە بەرجەسـتە دەبێـت، کە تەنـانەت ئەو فێرخـــوازانەش دەگـــرێتەوە، کە تەنهـــا فێـــری زمـــانەکە بـــوون، بەڵام زمانپاراونین یان کەموکورتیان لە یەکێک لە شارەزاییە زمانییەکانی زمـانی دووەمدا هەیە، هەربۆیە هەندێکجار ئەمجۆرە فێرخوازانە ئەو بیروبـاوەڕە لە لایـان دروسـت دەبێت، کە بۆیە ئەم ناتوانێت بـۆ نمـوونە لە شـارەزایی (چۆنیەتیی دەربڕین)ی وشەکانی زمانی دووەم شـارەزا بێت، چونکە ئەمە پەیوەسـتە تەنهـا بە قسـەکەرە ڕەسـەنەکانی زمـانەکەوە و توانـایەکە لە زمانپژانـــدا وەریگرتـــووە و بە فێربـــوون فێـــری نابێـــت[٥]. هەر لەم ڕوانگەیەوەیە، کە (Peacock (2001 وێنەیەکی نوێی ئەم بیروباوەڕانەی لە لای فێرخـــوازانی زمـــانی دووەم دەخـــاتەڕوو و دەڵێـــت: ((هەنـــدێک لە فێرخوازەکـان باوەڕیـانوایە، کە فێربـوونی زمـانی دووەم زیـاتر بـریتییە لە فێربـوونی ژمـارەیەکی بێشـوماری وشـەکانی زمـانی دووەم و یاسـای ڕێزمـــانیی زمـــانی دووەم. ئەمە وێـــڕای بەردەوام خـــۆبەراوردکردن بە شارەزاییەکانی قسەکەری ڕەسـەنی زمـانەکە، کە ئەمـی فێرخـواز دەیەوێت وەک زمانی دووەم فێری ببێت)) (Peacock, 2001 :177-195).

بۆچوونەکان لە بارەی ئەفسانەیی چەمکی (قسەکەری ڕەسەن)ەوە بەردەوام دەبێت بە ڕادەی خۆدانە دەست نالۆژیکی و بیروباوەڕی نازانستانە. بێگومان تەنها کاتێک ئەمجۆرە بۆچوونانە دەڕەوێنەوە، کە چەمکەکە وەک ڕاستییەکی زانستی ژیانی تاک و کۆمەڵ و نەتەوەکان سەیر بکرێن و هەر لە ڕوانگە زانستیەشەوە بڕیاردانەکانمان لە بارەی ئەم چەمکەوە دابڕێژین. بەمەش هەم لە ئەفسانەیی چەمکەکە قوتار دەبین و هەم زانستانەش دەتوانرێت بڕیار لە سەر چۆنیەتی و چەندێتیی گرنگیدان بە زمانی دایک و قسەکەرە ڕەسەنەکانی و خوێندن بە زمانی ڕەسەن یان بە زمانی بێگانە بدرێت. بۆ ئەم مەبەستەش وەچەپاری دووەمی ئەم بەشە بۆ شرۆڤەی زانستانەی چەمکەکە تەرخاندەکرێت.

## ١-٢- قسەکەری ڕەسەن لە بۆتەی زانستدا (زانستی زمان)دا:

لە چێوەی زانستی زماندا چەمکی (قسەکەری ڕەسەن) وەک چەمکێکی گرنگ و خاوەن سیمایەکی تەمومژ بەردەوام جێگەی گرنگیپێدانبووە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم چەمکە لە چێوەی فەلسەفە و گریمانە و تیۆری زانستانەی (زانستی زمانی درکپێکردن و زانستی زمانی کارەکی "زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی زمانی دەروونی")[٦] لە لایەک و (قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە) لە لایەکی تر زۆر چڕ و ورد چەندوچوونەکانی شرۆڤەکراوە. گەرچی ئەم شرۆڤانەی چەمکەکە دوو ئاڕاستەی تەواو جیاوازییان لە شیکردنەوەی چەمکەکەدا دیاریکردووە لەسەر بنەمای جیاوازی فەلسەفەی خودی زانستێتیی قوتابخانە زمانەوانییەکان و چۆنیەتی کارکردن و ڕوانینیان لە زمان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو چەندوچوونانەشدا پەیڕەوکەرانی ئەم دوو ئاڕاستەیە، تا ڕادەیەکی باش لە سەر سروشتی چەمکەکە و چۆنیەتی و چییەتیی ناساندن و نواندنی بە شێوەیەکی زانستانە ڕێکدەکەون، ڕەنگە کۆی ئەم ڕێککەوتنە زانستانەش لەسەر چەمکەکە لە پەیڕەوکردنی ئەو شەش

تایبەتمەندییەدا ببینرێتەوە، کە زمانەوانی کارەکی (Alan Davies 2004) بۆ چەمکەکەی خستۆتەڕوو و بریتین لە:

١. قسەکەری ڕەسەن ئەو کەسەیە، کە هەر لە منداڵییەوە بە زمانی یەکەم زمانی پڕاوە. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە قسەکەری ڕەسەن لە کۆمەڵی کوردەواریدا بڕوانین، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت، کە (قسەکەری ڕەسەن) ئەوانەن، کە لە منداڵیدا بە زمانی کوردی زمانیان پڕاوە.

٢. قسەکەری ڕەسەن خاوەنی (سەلیقەی زمانی)یە لە ڕێزمانی زمانی ستانداردا یان هاوشێوەی زمانە ستانداردەکەیدا (جا زمانی فەرمی وڵات بێت یان زمانی بە ستانداردکراو بێت)، واتە کاتێک بە مرۆڤێک لە زمانێکدا دەگوترێت قسەکەری ڕەسەنە، کە توانستی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن و قبوڵکردنی بەرهەمە زمانییەکانی زمانەکەی هەبێت. گەر بە شێوەیەکی گریمانەیی وا دابنرێت، کە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست زمانی فەرمی/ زمانی ستانداردی زمانی کوردییە، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت قسەکەرانی ڕەسەنی زمانی کوردی/ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست توانستی زمانی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنیان لە پێکهاتە مۆرفۆسینتاکسییەکانی دیالێکتەکە هەیە، کە وەک تاکگەراییەکی زمانی قسەکەرانی ڕەسەنی دیالێکتەکە و زمانەکە هەژمار دەکرێت.

٣. قسەکەری ڕەسەن دەبێت خاوەنی (سەلیقەی زمانی) بێت لە ڕێزمانی دیالێکت یان ئایدیۆلێکتەکەی خۆیدا، کە ئەم سەلیقەیەش جیاوازە لە سەلیقەی زمانی لە زمانی ستانداردەکەدا، چونکە لەمبارەدا دەبێت قسەکەری ڕەسەن سەلیقەی زمانی دەربارەی نیشانە ڕێزمانییەکانی دیالێکت/ئایدیۆلێکتەکەی هەبێت. بۆ نموونە بۆ تێگەیشتن لە گریمانەی تایبەتمەندیی دووەم، دەبێت قسەکەری ڕەسەن گەر ئاخێوەری زمانی

کوردی/ کرمانجی ژووروو بێت، دەبێت جگە لە سەلیقەی زمانی لە نیشانەی ڕێزمانی مۆرفۆسینتاکس وەک نیشانەیەکی زمانی ستاندارد (بە شێوەی گریمانەیی)، ئەوا دەبێت سەلیقەی زمانیشی هەبێت لەبارەی نیشانەی ڕێزمانی بۆ نموونە (پێڕەوی ئێرگەتیڤی) دیالێکتەکەی لە کرمانجی ژووروودا.

٤. قسەکەری ڕەسەن توانایەکی ناوازەی بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئاخاوتنی هەمانکاتی هەیە، ڕوونترین بەڵگەی ئەم تایبەتمەندییەی قسەکەری ڕەسەن لەو فرێزە بە لێکسیمبووانەدا دەردەکەوێت، کە لە دەقی ئاخاوتنە هەمانکاتییەکاندا بەرهەمیاندەهێنێت و دواتر لە ئاوەزدا و لە یادگەی درێژخایەندا دادەکرێن. نموونەی ئاشکرای ئەم توانا ناوازەیەی قسەکەری ڕەسەن لە بەکارهێنانی تایبەتی زمانەکەیدا لە بوارە پیشەیی و پسپۆڕییەکاندا دەردەکەوێت، بە تایبەتی لەو کاتانەدا، کە بە هۆی ئەوەی بۆ نموونە پزیشکێک خوێندنەکەی بە زمانی یەکەمی نەبووە، بۆیە ناتوانێت لە مامەڵکردنی ڕۆژانەی پسپۆڕییەکەیدا و لە کاتی ئاخاوتنی لەگەڵ نەخۆشەکانیدا (کە قسەکەری ڕەسەنی زمانەکەن) نەک ناوازانە گرفتە تەندروستییەکانیان تێبگەیەنێت، بەڵکو بە ناچاری بە هۆی کەموکورتی لە زمانی یەکەمیدا ناتوانێت وەک قسەکەرێکی ڕەسەن مامەڵە بکات و بە ناچاری پەنا دەباتە بەر داتا و کەرەستە زمانییەکانی زمانی دووەمی، کە زمانی خوێندنەکەی بووە. لە ڕاستیدا ئەم بابەتەش یەکێکە لە گەورەترین ئەو گرفتانەی بوارە پسپۆڕییەکانی کۆمەڵی کوردەواری پێوەی دەناڵێنێت و توانایەکی مرۆیی و ماددی زۆر لە پێناو چاککردن و گەشەکردنیدا خەرجکراوە و خەرجدەکرێت، بەڵام ئەنجامەکان بێ هوودە بوون.

٥. قسەکەری ڕەسەن توانایەکی ناوازەی لە بەرهەمهێنانی دەقی نوسیندا بە شێوەیەکی داهێنەرانە هەیە. بێگومان دەوڵەمەندی بواری ڕۆشنبیری کوردی لە گشت بوارەکاندا ڕەنگە باشترین بەڵگە بێت بۆ ئەم تایبەتمەندییەی قسەکەری ڕەسەن، چونکە بە هۆی ئەوەی زمانی ئاخاوتن و نوسینی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە کۆمەڵی کوردەواریدا بە زمانی یەکەمی قسەکەرە ڕەسەنەکانە، هەربۆیە بەردەوام دەقە نوسراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانمان لەم بوارەدا گەلێک دەوڵەمەندن. ڕەنگە بەرهەمە وەرگێردراوەکانی نوسەر و شاعیرانی کورد بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان باشترین بەڵگە بن.

٦. قسەکەری ڕەسەن توانایەکی ناوازەی لە بواری سەرلە نوێ دارشتنەوە و دەبڕینی هزر و بیرکردنەوەکانی هەیە. ئەم توانایەش لە خۆیدا کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بە کارەکتەری قسەکەری ڕەسەن دەبەخشێت و وایلێدەکات لە باریدا بێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا و لە گشت بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا بەردەوام بێت.

لە ڕاستیدا ئەم شەش تایبەتمەندییە وەک شەش پێوەر وان بۆ ناسینەوەی قسەکەری ڕەسەن لە قسەکەری ناڕەسەن. لەم پێوەرانەشدا پێوەری یەکەمیان زیاتر جێی سەرنجی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بووە و بە شێوەیەکی لۆژیکی لە بابەتەکەی کۆڵیوەتەوە و شرۆڤەی بۆ زمانپژانی مرۆڤ (بە زمانی یەکەم و زمانی دووەم) و ناساندنی وەک (قسەکەری ڕەسەن)کردووە. لەم ڕوانگەیەوە قوتابانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی (چۆمسکی) و پەیڕەوکەرانی زۆر بە توندی لە ڕوانگەی بیری بایلۆژی و بۆماوەییەوە لە چەمکی (قسەکەری ڕەسەن) دەڕوانن و پێیانوایە ((مرۆڤ بۆ ئەوەی مرۆڤ بێت، دەبێت قسەکەری

ڕەســـەنی زمانێـک بێـت)) (Paikday, 1985: 55). واتە پەیڕەوکەرانــی ئەم قوتابخـــانەیە پێیـــانوایە، کە هەمـــوو مرۆڤێـــک بە هەر زمانێـــک لە پەیوەندیکردندا بەردەوام بێت و توانستێکی زمانەوانی لە ئاوەزیدا بۆ ئەو زمانە هەبێت و توانایەکی زمانی بۆ بەکاربردنی ئەو زمانە هەبێت، ئەوا ئەو مرۆڤە (قسەکەری ڕەسەن)ی زمانەکەیە، بە بێ گوێدانە (٥) پێوەرەکی تری ناساندنی و دیاریکردنی چەمکی (قسەکەری ڕەسەن).

بێگومان ئەم بۆچوونەی پەیڕەوکەرانی ئەم قوتابخانەیە ڕاستەوخۆ پشت بە فەلسەفەی دامەزراندنی قوتابخانەکە دەبەستێت، کە (فەلسەفەی عەقڵـگەرای)یە[٨]، کە زیـاتر لە ڕوانـگەی بـوونی توانسـتی ئـاوەزیی و وەکیەکی لەڕووی بایلۆژییەوە لە ئاوەزی سەرجەم مرۆڤەکانی دونیادا لە زمـان و پێـواژۆی زمـانپژان و ئـاخێوەران دەڕوانێـت و پێیـانوایە، کە زمانپژان لە بنەڕەتدا توانستێکی ئاوەزیی بۆماوەییە. هەربۆیە (چۆمسکی) لە بارەی چەمکی (قسـەکەری ڕەسـەن)ەوە بە ئاشکرا دەڵێت: (( پرسیاری ئەوەی زمانەکان یان دیالێکتەکان چۆن بە دەست دێن، هەروەها پرسیارە ئەوەی جیاوازی لە نێوان (قسەکەری ڕەسەن و ناڕەسەن) چییە، بیسوود و بێ کەڵکە)).(Paikday 1985: 57)

بێگومـــان ئەم بۆچوونەشـــیان ئاوەزمەنـــدییانە و لە ســـەر بنەمـــای فەلسـەفەی قوتابخـانە زمانەوانییەکەیـان داڕشـتووە و لەو بنەمایەشـەوە هەموو کەسێک قسەکەرێکی ڕەسەنە بۆ زمانێکی دیاریکراو، کە کەسەکە لە ناو ئاوەزیدا گەشەی پێداوە و توانست و توانایەکی لەبارەیەوە هەیە.

بێگومان ئەم بۆچوونەی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە زۆر بە توندی لە لایەن قوتابخانەی زمانەوانی (زانستی زمانی درکپێکردن) و هەردوو لقـی زانسـتی زمـانی کـارەکی (زانسـتی زمـانی کـۆمەڵایەتی و زانســتی زمــانی دەروونــی)ەوە ڕەخــنەی لێگیــراوە و بە مــامەڵەکردنێکی

نموونەییانەی زمانیان لەقەڵمداوە و پێیانوابووە دژی حەقیقەتی زمان بەکاربردنە لە لایەنە تاکەکانەوە لە ناو ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژین.

لەم ڕوانگەیەوە ئەمان بە پێچەوانەی پەیڕەوکەرانی قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)وە پێداگرییان کردووە لە سەر شرۆڤەی پارامیتەرەکانی جیهانی ڕاستەقینە بۆ (قسەکەری ڕەسەن)، چونکە ئەمان باوەڕیانوایە، کە ئەوە هەمەچەشنییە فرەچەشنییە زمانییەکانی زمانن، کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا لە لایەن بەکاربەرانی زمانەوە بەکاردێن. بێگومان پەیڕەوکەرانی (زانستی زمانی درکپێکردن و زانستی زمانی کارەکی) لە ڕوانگەی (٥) پێوەرەکەی تری ناساندن و دیاریکردنی (قسەکەری ڕەسەن) بۆچوونەکانیان دارشتووە و هەر خودی ئەو (٥) پێوەرەش بەرهەمی بۆچوونەکانی ئەمان بووە. بەمشێوەیە گەر لە پێوەرەکانی (٢-٦) ورد ببینەوە، دەبینین، کەوا ئەمان پێیانوابووە مرۆڤ ئەستەمە بتوانێت دەستی بگات بە ڕەهەندی کلتورییانەی زمانەکەی مەبەستیەتی و وەک زمانی دووەم فێری ببێت، هەربۆیە مەحاڵیشە ببێتە (قسەکەری ڕەسەن)ی زمانی دووەم، چونکە گەرچی دەشێت فێرخوازێک یان چەند فێرخوازێک لە بارێکی نموونەییدا و گەر خوێندکارەکەش زیرەکییەکی ناوازەی هەبێت، ئەوەی بۆ برەخسێت وەک (قسەکەری ڕەسەن)ی زمانی دووەم ڕەفتاری زمانی بنوێنێت، بەڵام ئەمە بارێکی نموونەییە و هەرگیز نابێتە بارێکی گشتوەگیر.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی، کەوا منداڵ لە پێواژۆی زمانپژانی بە زمانی یەکەم ڕاستەوخۆ دەستی دەگات بە کۆزانیاری کلتورییانەی هاوپێچی زمانەکە و بە هۆیەوە شارەزایی تاقیکراوە دەربارەی نیشانە ڕێزمانییەکانی هەم ئایدۆلێکتەکەی و هەم زمانە ستانداردەکەی لە ئاوەزیدا بە کۆد دەکات و دەیچەسپێنێت، بەڵام ئەم هەڵبژاردەیە لە بەردەم فێرخوازی زمانی دووەمدا نییە (بە تایبەتی گەر

فێرخـوازەکە بە تەمەن بێت!)، چـونکە ڕاسـتە فێرخـوازەکە فێـری زمـانەکە دەبێـــت، بەڵام زۆر زەحـــمەتە بتوانێـــت هەم دەســـتی بە کۆزانیـــاری کلتورییانەی هاوپێچی زمانی دووەم بگات و هەم لە ئاوەزیشیدا بە کۆدی بکـات. هەربـۆیە ئەم فێرخـوازە لە کـاتی ڕووبەڕووبـوونەوە و ئاخـاوتنی لەگەڵ (قسـەکەری ڕەسـەن)ی زمـانی دووەمدا بەردەوام لە ئاوەزیـدا و لە شوێنی کۆزانیاری کلتورییەکەی زمانی دووەمدا نیشانەی پرسیار دروست دەبێـــت. هەربـــۆیە لە کـــاتی ئاخاوتنەکانیـــدا ناتوانێـــت وەڵامـــی جەختکردنەوەکانی (قسـەکەری ڕەسـەن)ی زمـانی دووەمەکە بـداتەوە و لە کۆتایـدا وەک (قسـەکەرێکی ناڕەسـەن) لە زمـانەکەدا دەردەکەوێت. کەواتە ڕاســتە فێرخــوازەکە دەبێــتە ئــاخێوەرێکی زمــانی دووەم و دەشــتوانێت پەیوەنـدی کـۆمەڵایەتی ببەسـتێت، بەڵام توانـای بەدەسـتهێنانی خێرایـی ئاخاوتن و کۆزانیاری حوکمکردنی ڕێزمانیانەی لە سـەر زمـانی دووەم و کۆزانیاری کلتورییانەی بەکۆدکراوی لە سەر زمانەکە لە ئاوەزیدا نییە، کە بنەمـای دروسـتکردن و دیـاریکردن (پێناسـی کەسـێتی"Identity")ی (قسەکەری ڕەسەن)ن لە هەر زمانێکدا، هەربۆیە هێشتا نابێتە (قسـەکەری ڕەسەن).

لە ڕوانــگەی ئەم شــیکردنەوانەوە دەکرێــت بگوترێــت، کە ڕاســتە کۆزمانەوانییـانە دەبێـتە کـارەکتەرێکی زمـانی دووەم، بەڵام لە ڕوانـگەی (زانسـتی زمـانی درکپێکـردن) و (زانسـتی زمـانی دەروونـی)یەوە هەرگیـز ناتوانێـت نە درکپێکردنـی پەیپێبـراوی بـۆ زمـانی دووەم هەبێـت و نە پێناسێکی کەسێتی دیاریکراویشی هەبێت. لە گۆشە نیگای شیکردنەوەی پێوەرەکـانی ناسـاندن و دیـاریکردنی چەمکـی (قسـەکەری ڕەسـەن)ەوە دەتوانرێت ئەو ڕاستییە بنوێنرێت، کە بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە قسـەکەری ڕەسەنی زمانێک پێویستە ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا بێت[٩]:

١. هەر لە لەدایکبوونییەوە قسەکەری ڕەسەنی زمانەکەی بێت.

٢. بوونی ویست و خۆشەویستی زۆری فێرخوازی زمانی دووەم بۆ بوون بە بەکاربەرێکی ڕەسەنی زمانی دووەم.

٣. دەشێت کەسێک ببێت بە (قسەکەری ڕەسەن)ی زمانی دووەم لە ڕێگەی ئەوەی هەم فێرخوازێکی نموونەیی و ناوازەی زمانەکە بووە و هەم فێربوونەکەشی لە ناو خودی زمانی دووەمدا بووە.

٤. دەشێت کەسێک ببێت بە قسەکەری ڕەسەنی زمانی دووەم لە ڕێگەی نیشتەجێبوون و ژیانی لە ناو خودی ئەو وڵات و کۆمەڵەی زمانی دووەمەکەی تێدایە.

بێگومان فێرخواز گەر یەکێک لەم بنەمایانەی بۆ نەڕەخسێت زەحمەتە بتوانێت (٦) پێوەرەکەی چەمکی (قسەکەری ڕەسەن) لە خۆیدا بونیاد بنێت و ببێتە (قسەکەری ڕەسەن) یان هەر هیچ نەبێت ببێتە قسەکەرێکی شارەزا و بە ئەزموونی زمانی دووەم.

گەر لەم ڕوانگەیەوە لە پێواژۆی فێربوونی زمانی دووەمی (بە تایبەتی فێربوونی زمانی ئینگلیزی) فێرخوازەکانی کورد لە قۆناغەکانی خوێندندا ورد ببینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین، کە تەنانەت ئەگەر تایبەتمەندی دووەمیش لە فێرخوازەکاندا بوونی هەبێت (کە ڕێژەیەکی دیاریکراوە)، ئەوا هیچ کام لە تایبەتمەندییەکانی تری بوون بە (قسەکەری ڕەسەن)ی زمانی دووەم لە فێرخوازەکانماندا بوونی نییە. ئەمەش ڕاستەوخۆ پرسیار دروستدەکات لە سەر خودی جۆری خوێندنی زمانی دووەم لە پەروەردەی هەرێمەکەماندا و ڕەنگە وەڵامیش بێت بۆ ئەو پرسیارەی، کە بۆچی پاش بەهەدەردانی ئەو هەموو توانا مرۆیی و زانستی و ماددییە، بۆچی نەوەکانمان لە ڕێگەی پەروەردە و خوێندنی قۆناغەکانی خوێندنەوە فێری زمانی دووەم (بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی) نابن!

## ٢- قسەکەری ڕەسەن وەک پێناسی کەسێتی:

### ٢-١- پێناسی کەسێتی و پێناسی کەسێتیی زمانی "Identity and Language Identity":

ئەگەر پێناسی کەسێتی وەک چەمکێک ئاماژە بێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی (من کێم؟) یان (ئێمە کێین؟) و (چۆن بە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەوە پەیوەستین؟)[١٠]، ئەوا (پێناسی کەسێتیی زمانی"Language Identity") (Perez-Milans, M. 2015: 4-6)، ئاماژەیە بۆ کۆپەیوەندی نێوان درکپێکردنی کەسێک بە خودی خۆی و ئامرازەکانی دەربڕین و پەیوەندیکردنی لەو خودە، جا ئەو ئامرازە (زمان، دیالێکت، ئەکسێنت، ئایسۆلێکت و ئایدۆلێکت) بێت. لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤ لە (پێناسی کەسێتیی زمانی)یدا دوو لکی کۆزانیاری لە زمانەکەیدا هەیە، کە لکی یەکەمیان بریتییە لەو ڕۆڵە سەرەکییەی بە زمان بەخشراوە وەک ئامێری گوێزەرە و تیاهەڵگری هەست و سۆزی تایبەتی کەسەکە و هەست و سۆزی گشتیی ئەو کۆمەڵەیەی تێیدا ئەندامە. هەرچی لکی دووەمیانە زیاتر بریتییە لەو کۆزانیارییە کلتورییە هاوپێچەی پەیوەستە بە درکپێکردنی تاکەکە و سایکۆلۆژیا و گەشەکردنەکانی لەو کۆمەڵەدا و هەر لەو کۆمەڵەشدا دەستی کەوتووە.

ئەم دوو لکی کۆزانیارییە بە زمانی (قسەکەری ڕەسەن)ەوە دەبەسترێنەوە، بە شێوەیەک لەگەڵ گەورەبوونی منداڵەکە (کە دەبێتە قسەکەری ڕەسەنی زمان) ئەویش گەشە دەکات و گەورە و فراوان دەبێت. هەر لەم ڕێگەیەشەوە منداڵەکە زمانی دەپژێت. بەمشێوەیە هەستکردن بە خود بریتی دەبێت لە پێناسی کەسێتی تاکە کەسەکە، کە زۆر بە توندی بەستراوەتەوە بەو هێزەی، کە بون بە قسەکەری ڕەسەن دەیبەخشێت بە تاکەکە زۆر زەحمەتە لە ڕێگەی فێربوونی ناو پۆلی

فێرخواز بۆ زمانی دووەم بە دەست بێت، تەنانەت ئەگەر فێربوونەکەشی زۆر سەرکەوتووانە بێت.

ئەمەش بە هۆی ئەوەی ڕاستە فێرخوازەکە لە ڕێگەی فێربوونەکەیەوە زمانی دووەم وەک زمانی پەیوەندیکردن (بێگومان لە باری نموونەیدا) ڕەنگە وەربگرێت و فێرببێت، بەڵام گەلێک زەحمەتە بتوانێت پێناسی کەسێتی خۆی تێدا هەم بونیاد بنێت و هەم بشدۆزێتەوە، چونکە هەروەکو(Alan Davies 2004), دەڵێت: (( درکپێکردنی کەسێک بە پێناسی کەسێتی لە دوو ڕوانگەوە ڕاستە، هەم لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە و هەم لە ڕوانگەی زمانەوانی دەروونییەوە)) (Davies, A. and Elder, C. 2004: 440-441). بێگومان دروستی ئەم بۆچوونەش بە شێوەیەکە، کە لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە قسەکەری ڕەسەن بە هۆی زمانە ڕەسەنەکەیەوە کەسێتی خۆی بدۆزێتەوە و لە ناو قسەکەرانی تری زمانەکەیدا ئاراستە دەکات لە ڕێگەی بەشداری پێکردنی (قسەکەریی ڕەسەن)یی خۆی لەگەڵ (قسەکەریی ڕەسەن)یی قسەکەرە ڕەسەنەکانی تری زمانەکەیدا، بە پێچەوانەشەوە، واتە ئەگەر (قسەکەری ڕەسەن) نەبێت یان بەرانبەرەکانی قسەکەری ڕەسەن نەبن، ئەوا ناتوانێت ئەم بەشداربوونە زمانییە لە ناو کۆمەڵدا بکات و بەشداریکردنی لە ناو کۆمەڵدا و تەنانەت ئەندامییەکەشی کاڵ دەبێت و لە چێوەی جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییە سادەکانی ناو کۆمەڵەکەی دەرناچێت و زۆر بە زەحمەت دەتوانێت حەز و ویست و خولیاو ئێش و ئازار و پەیپێبردن و درکپێکردنەکانی دەرببڕێت.

ئەمە جگە لەوەی لە ڕوانگەی (زمانەوانی دەروونی)یشەوە جارێکی تر بۆچوونەکە تەواو دروستە، چونکە قسەکەری ڕەسەن بە هۆی زمانە ڕەسەنەکەیەوە دەتوانێت نەخشەی کەسێتی و و نەخشەی ئاوەزیی خۆی بکێشێت، بە تایبەتی لە هەردوو بواری (پەیوەندیکردنە بنەڕەتییەکان)ی و

(پسپۆڕیی و شارەزاییی پیشەیی و ئەکادیمییەکانی)یەوە لە بوارە پیشەیی و زانستییەکاندا، واتە نەخشەکێشانی کەسێتی لەڕووی ئاوەزیی و دەروونییەوە زۆر بە توندی پەیوەستە بە زمانی ڕەسەنی قسەکەرە ڕەسەنەکەوە، چونکە لەگەڵ هەموو گەشەکردنێکی ئاوەزییانەی زمانەکەیدا، توانستە درکپێکردنەکانی تری مرۆڤەکەش گەشە دەکات و پێکەوە تۆڕبەندی گەشەکردوی ئاوەزیی مرۆڤی هەراش دەنوێنن.

## ٢-٢- لەدەستدانی پێناسی کەسێتیی قسەکەری ڕەسەن:

لە ڕوانگەی تێگەیشتن لە چەمکی (پێناسی کەسێتی) و (پێناسی کەسێتیی زمانی)ەوە، گەر مرۆڤێک لە پێواژۆی فێربوون و خوێندیدا بە زمانی ڕەسەنی خۆی نەخوێنێت، ئەوا توشی گرفتی (کۆزمانەوانی و زمانەوانی دەروونی) دەبێتەوە، بە شێوەیەک، کە لەڕووی کۆزمانەوانییەوە ناتوانێت پەیوەندییە تاکگەرایی و هەڵکردنە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزێت و لەڕووی زمانەوانی دەروونیشەوە ناتوانێت درکپێکردنە ئاوەزیی و هەست و نەستە خودییەکانی بنوێنێت. بەمەش نەک هەر پێواژۆ فێرکارییەکەی بە زمانی دووەم سەرکەووتوو نابێت، بگرە دووریشی دەخاتەوە لە بوونی حەز و ویست لەو بابەتە زانستییەی (بۆ نموونە ماتماتیک و زانستەکان)، کە بە زمانی دووەم (بۆ نموونە بە زمانی ئینگلیزی) دەیخوێنێت.

لەم ڕوانگەیەوە لە جیهانی بچووککراوەی ئەمڕۆدا و لە پێواژۆی پەروەردە بە زمانی نێودەوڵەتی (ئینگلیزی)، لێکۆڵەرانی زانستی زمانی کارەکی زۆر بە وردی و شێلگیرانە لە سەر ئەم بابەتە لەم چەند ساڵەی دوایدا وەستاون و چەندین شرۆڤە و گریمانەی جیاواز و چارەسەری شیاویان خستۆتە بەردەست. هەر لێرەشەوەیە، کە (Alan Davies 2004) پێیوایە، کە: (( لێکۆڵەرانی زانستی زمانی کارەکی لە بارەی ئەرێنی و نەرێنی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بە سەر دوو گروپدا دابەشبوون، کە

گروپێکیان بە ئەرێنی هەژماری دەکەن و گروپێکیان بە نەرێنی لە قەڵەمی دەدەن))[11].

لەم نێوەندە پڕ چەندوچوونەدا پەیڕەوکەرانی گروپی یەکەم پێیانوایە، کە زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی نێو نەتەوەیی لە توانایدایە ببێتە زمانێکی جیهانی، چونکە ئەم زمانە لە توانایدایە دەستی بە کۆزانیاری سەرجەم مرۆڤە کلتوور جیاوازەکان بگات. ئەمە جگە لەوەی زمانەکە سەرکەوتووانەش توانیوویەتی کاری (ئابوری و بە بازاڕکردن) جێبەجێ بکات.

هەرچی پەیڕەوکەرانی گروپی دووەمە شرۆڤەکانیان دژ و پێچەوانەی ئەمانە و پێیانوایە، کە بیانووەکانی گروپی یەکەم نامرۆیی و ناکۆمەڵایەتییەوە و دابڕینی زمانە لە بەرگە مرۆییەکەی و تەماشاکردنیەتی تەنها وەک ئامێرێک. هەربۆیە ئەمان پێیانوایە، کە هەژموون پەیداکردنی زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی و بەکاربردنی بە تایبەتی لە پێواژۆ پەروەردەییەکاندا لە لایەکەوە نەتەوە و زمانە نەتەوە و قسەکەرانیان توشی گرفتی (لە دەستدانی هەڵبژاردن) دەکەنەوە و چیتر قسەکەرانی ڕەسەنی زمانی یەکەم بە زمانی دووەم (کە زمانی ئینگلیزییە) توانستی بیرکردنەوە و توانای دەربڕینی هەمەچەشنیان نامێنێت لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە هەمەچەشنە فرەچەشنەکاندا.

لە لایەکی تریشەوە ئەم گەشەکردن و بەجیهانبوونەی زمانی ئینگلیزی دەبێتە هۆی (لەناوبردنی زمانە ناوخۆییەکان، جا زمانی ستاندارد یان دیالێکت یان ئەکسێنت تەنانەت ئاسیۆلێکتیش بێت). بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی جەختکردنەوە لە سەر بەکاربردنی زمانی دووەم لە گشت بوارەکاندا و لە سەروو هەمووشیانەوە لە بواری پەروەردە و فێرکردن و توێژینەوەدا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی مانەوەی ڕۆڵێکی کەمتر و کەمتری

کرۆکییانە بۆ زمانە ڕەسەنەکە تا دەگاتە لەدەستدانی ئەرکەکانی لە ناو بوارە فەرمییەکانی وەک (زانست و پەروەردە و بوارە پیشەییەکاندا) و زمانە ڕەسەنەکە ئەرکەکەی لە ناو ماڵ و خێزان و قسەکردنە تایبەتەکاندا قەتیس دەمێنێت. بەمەش زمانە ناوخۆییە ڕەسەنەکە وردە وردە بەکاربردنی نامێنێت و لە زمانێکی زیندووەوە دەیکاتە (زمانێکی لەکارکەوتوو).

لە ڕاستیدا ئەم گرفتە تەنها کێشەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانی وەک (هیندستان و سەنگاپورە و کینیا و هەرێمی کوردستان و ...هتد) نییە، بەڵکو کێشەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەک (دانیمارک و هۆڵەندا و سوید)یشە، کە خاوەنی پلانی زمانی دیاریکراو و سەرکەوتوون هەم بۆ پاراستنی زمانە ناوخۆییە ڕەسەنەکانیان و هەم بۆ چۆنیەتی و چییەتی و بەکاربردنی زمانی نێودەوڵەتی ئینگلیزی، بەڵام هێشتا لەگەڵ ئەم ڕیوشوێنانەی ئەم وڵاتانەدا بەرانبەر هاتنی زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی لێکۆڵەرێکی وەک (Van Els 2000) پێیوایە، ((بوونی زمانی ئینگلیزی لە باوەشی وڵاتە ئەوروپییەکاندا جۆرێکە لە گەمژەیی، بوونی ئەم زمانە ناوخۆییانەی ئەم وڵاتانە بە هۆی بوونی زمانی ئینگلیزییەوە لە کۆتایدا دەگەنە ویستگەی کۆتایی ژیانیان و بوونیان نامێنێت)) (Davies, A. and Elder, C. 2004: 439)

لە کتێبی خوێندکارانی (زانست"Science")ی (پۆلی یەکەم" Grade One")ی قۆناغی سەرەتایدا، سەرجەم پەرتوکەکە بە سەر سێ (بەش"Unit")دا دابەشکراوە، کە بەشەکانی (ژیانی زانست"Life Science") و (زەویناسی"Earth Science") و (زانستی فیزیکی" Physical Science")ن. پەرتوکەکە سەرجەمی خستنەڕووە زانستییەکانی سەرەتا بە نواندنی چەند وشەیەک بووە و دواتر گشت لاپەڕەکانی بەشەکە بۆ ڕوونکردنەوەی (واتا)ی ئەو وشانە لە ڕێگەی وێنەی فێرکاری و کورتە

پێناسـه و پرسـیاری زانیـاری بەخشـەوە تەرخـانکراوە، کە دەتوانرێـت سەرجەمیان لە هەر سێ خشتەی (١، ٢، ٣)دا بنوێنرێت:

| ژ | بەش "Unit" | پار "Chapter" | ناوی بەش | وشەکانی پەرتوکەکە بە زمانی ئینگلیزی | وشەکان بە زمانی کوردی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ١ | ژیانی زانست "Life Science" | Senses | هەستەوەرەکان |
| ٢ | ١ | ١ | ژیانی زانست "Life Science" | Living | گیاندار |
| ٣ | ١ | ١ | ژیانی زانست "Life Science" | Nonliving | بێ گیان |
| ٤ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | Gills | ریشاڵی ماسی |
| ٥ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | Mammals | شیردەرەکان |
| ٦ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | birds | باڵندە |
| ٧ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | Reptiles | خشۆکەکان |
| ٨ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | Amphibians | وشکاوەکی |
| ٩ | ١ | ٢ | ذیانی زانست "Life Science" | Fish | ماسی |
| ١٠ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | Insects | مێشولە |
| ١١ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | Roots | رەگ |
| ١٢ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | Stem | قەد |
| ١٣ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | Leaves | گەڵا |
| ١٤ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | Flowers | گوڵ |
| ١٥ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | Light | روناکی |
| ١٦ | ١ | ٣ | ژیانی زانست "Life Science" | Forest | دارستان |
| ١٧ | ١ | ٣ | ژیانی زانست "Life Science" | Desert | بیابان |

خشتەی ژمارە (١)

خشتەی وشەکانی بەشی یەکەمی پەرتوکی (زانست) بە زمانی ئینگلیزی و کوردی

| وشەکان بە زمانی کوردی | وشەکانی پەرتوکەکە بە زمانی ئینگلیزی | ناوی بەش | پار " Chapter " | بەش " Unit " | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| زەوی | Land | "Earth Science"زەویناسی | ١ | ٢ | ١ |
| شاخ | Mountain | "Earth Science"زەویناسی | ١ | ٢ | ٢ |
| دۆڵ | Valley | "Earth Science"زەویناسی | ١ | ٢ | ٣ |
| دەشت | Plain | "Earth Science"زەویناسی | ١ | ٢ | ٤ |
| بەرد | Rock | "Earth Science"زەویناسی | ١ | ٢ | ٥ |
| خۆڵ | Sand | "Earth Science"زەویناسی | ١ | ٢ | ٦ |
| ئاوهەوا | Weather | "Earth Science"زەویناسی | ٢ | ٢ | ٧ |
| هەوا پێو | Wind gauge | "Earth Science"زەویناسی | ٢ | ٢ | ٨ |
| ئاراستەی با | Wind vane | "Earth Science"زەویناسی | ٢ | ٢ | ٩ |
| گەرمی پێو | Thermometer | "Earth Science"زەویناسی | ٢ | ٢ | ١٠ |
| ئامێری رێژەی بارانبارین | Rain gauge | "Earth Science"زەویناسی | ٢ | ٢ | ١١ |
| پلەی گەرما | Temperature | "Earth Science"زەویناسی | ٢ | ٢ | ١٢ |
| با | Wind | "Earth Science"زەویناسی | ٢ | ٢ | ١٣ |
| باران | Rain | "Earth Science"زەویناسی | ٢ | ٢ | ١٤ |
| وەرزەکان | Seasons | "Earth Science"زەویناسی | ٣ | ٢ | ١٥ |
| بەهار | Spring | "Earth Science"زەویناسی | ٣ | ٢ | ١٦ |
| هاوین | Summer | "Earth Science"زەویناسی | ٣ | ٢ | ١٧ |
| پایز | Fall | "Earth Science"زەویناسی | ٣ | ٢ | ١٨ |
| زستان | Winter | "Earth Science"زەویناسی | ٣ | ٢ | ١٩ |

خشتەی ژمارە (٢)

خشتەی وشەکانی بەشی دووەمی پەرتوکی (زانست) بە زمانی ئینگلیزی و کوردی

| ژ | بەش "Unit" | پار "Chapter" | ناوی بەش | وشەکانی پەرتوکەکە بە زمانی ئینگلیزی | وشەکان بە زمانی کوردی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Matter | کەرەستە |
| ٢ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Solid | رەق |
| ٣ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Weight | کێش |
| ٤ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Size | قەبارە |
| ٥ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Liquid | شل |
| ٦ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Gas | گاز |
| ٧ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Force | هێز |
| ٨ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Push | پاڵپێوەنان |
| ٩ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Pull | ڕاکێشان |
| ١٠ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Straight | ڕاستەوڕاست |
| ١١ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Circle | بازنەیی |
| ١٢ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Magnet | موگناتیس |
| ١٣ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | Attract | هێزی ڕاکێشان |

خشتەی ژمارە (٣)

خشتەی وشەکانی بەشی سێیەمی پەرتوکی (زانست) بە زمانی ئینگلیزی و کوردی

گەر لە وشەکانی خشتەی (١، ٢، ٣) بڕوانین، پەیوەست بە تیۆری (سیمانتیکی چوارچێوەیی "Frame Semantics")ی (چارلس فیلمۆر) لە چێوەی (سیمانتیکی درکپێکردن"Semantics Cognitive")[١٢]دا، ئەوا دەتوانین بڵێین، کە هەریەکە لەو وشانە بۆ خۆیان چەمکێکن و ناتوانرێت

ڕاستەوخۆ لە واتای هیچ کام لەم وشانەی خشتەکان تێبگەین بە بێ تێگەیشتن لەو چواچێوە واتاییەی، کە وشەکە ئەندامە تێیدا. هەربۆیە بە پێی شیکردنەوەکانی (فیلمۆر) خودی وشەکانی خشتەکان هەر یەکێکیان چەمکێکن و بە زاراوەی (پوختە"Profile") ئاماژەی بۆ دەکرێت. ئەو چوارچێوە واتاییەش، کە ئەم وشەیە (وشەی ناو خشتەکان) تێیدا ئەندامە بە زاراوەی (بنەما"Base") ئاماژەی بۆ دەکرێت (کاروان عومەر قادر، ٢٠١٧: ٢٢)، بێگومان بە پێی ئەم تیۆرییەی (فیلمۆر)، هەرگیز ناتوانین لە واتای (پوختە) تێبگەین، تا لە چوارچێوەی واتایی (بنەما) تێنەگەین. بەمشێوەیە گەر وشەکانی خشتەی (١، ٢، ٣) هەریەکەیان (پوختەیەک/ نمایندەی چەمکێک) بن، ئەوا هەریەکەیان چوارچێوەیەکی واتایی (بنەما)یەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لە دوو جۆر زانیاری پێکهاتووە، جۆری یەکەمیان بریتییە لەو زانیارییە زانستییانەی پەیوەستە بە خودی هەر پوختەیەکی خشتەکەوە و لە شێوەی وشەی جیاواز جیاوازی زانستیدا دەکرێت بخرێتەڕوو. هەرچی جۆری دووەمی زانیاری پێکهێنەری چوارچێوەی واتایی (بنەما)کەشە زیاتر بریتییە لە (زانیاری کلتوریی)، کە ئەمیش دیسانەوە دەکرێت لە شێوەی وشەی جیاواز جیاوازدا بخرێتەڕوو. بەمشێوەیە هەر پوختەیەکی خشتەکە خاوەنی بنەمایەکی کۆزانیارییە، کە لە دوو جۆر زانیاری (زانستی و کلتوری) پێکدێت.

لەم ڕوانگەیەوە گەر لە ئاڕاستەی شرۆڤەی وشەکانی/ پوختەکانی ناو هەرسێ خشتەی (١، ٢، ٣) بڕوانین، ئەوا دەبینین، کە تا ڕادەیەک باش، پێڕەوی پەرتوکەکە توانیویەتی شیکردنەوە بۆ جۆری یەکەمی زانیاری، واتە (زانیاری زانستی)ی (بنەما)ی هەر پوختەیەک بکات. سەرکەوتنی پێڕەوی پەرتوکەکەش لەم ئەرکەیدا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی پێڕەوی پەرتوکەکە بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتنی خوێندکار لەم جۆرەی زانیاری (بنەما)ی هەر پوختەیەک پەیوەست بە هەستەوەرەکانی (بینین،

بیستن، بۆنکردن، تامکردن، بەرککەوتن)ی خودی خوێندکارەوە، کە لەم کارەشیدا پەرتوکەکە چەند ڕێباز و تەکنیکێکی گونجاوی وەک (وێنەکاری پەروەردەیی و ڕاهێنانی کارەکی و شرۆڤەی نموونەیی) گرتۆتە بەر و تاڕادەیەک لەم ڕوانگەیەوە سەرکەوتوو بووە. ئەگەرچی سەرکەوتنەکە ڕێژەیی بووە، چونکە پێڕەوی پەرتوکەکە لەم خستنەڕووەی جۆری یەکەمی زانیاری زانستی/ بنەمای هەر پوختەیەکدا دوو گرفتی هەیە، کە زیاتر بریتین لە:

١. پەرتوکەکە نەیتوانیووە سەرجەم بنەمای هەر پوختەیەک بخاتەڕوو، بە شێوەیەک هەندێک لە پوختەکانی خشتەی (١، ٢، ٣) بێ (بنەما) ماونەتەوە، هەروەک لە خشتەی (٤، ٥، ٦)دا دەخرێتەڕوو.

٢. لە پەرتوکەکەدا تێکەڵییەک کراوە لە نێوان چەمکە سەرەکییەکە (پوختەکە) و چوارچێوەی واتای (زانیاری زانستی/بنەما)ی پوختەکە. ئەمەش بەوەی، کە زۆرێک لە پوختەکانی خشتەی (١، ٢، ٣) لە بنەڕەتدا پوختەی سەرەکی نین، بەڵکو بەشێکن لە (بنەما)ی خودی پوختەکە، هەروەک لە خشتەی (٤، ٥، ٦)دا خراوەتەڕوو.

بە مەبەستی سەلماندنی زیاتری ئەم لایەنەی پێڕەوی پەرتوکەکە هەوڵدەدرێت لە خشتەی (٤، ٥، ٦)دا (پوختە) و زانیاری زانستی (چوارچێوەی واتایی/ بنەمای)ی هەر پوختەیەک لە خودی پەرتوکەکە بنوێنین:

| ژ | بەش " Unit " | پار " Chapter | ناوی بەش | پوختەکانی پەرتوکەکە بە زمانی ئینگلیزی | بنەمای پوختەکان بە زمانی ئینگلیزی | پوختەکان بە زمانی کوردی | بنەمای پوختەکان بە زمانی کوردی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ١ | ژیانی زانست "Science Life" | Senses | Touch, hearing, sight, smell, taste | هەستەوەرەکان | بەرکەوتن، بیستن، بینین، بۆنکردن، تامکردن |
| ٢ | ١ | ١ | ژیانی زانست "Science Life" | Living | Plants, animal | گیاندار | درەخت، ئاژەڵ |
| ٣ | ١ | ١ | ژیانی زانست "Science Life" | Nonliving | Chair, rock | بێ گیان | کورسی، بەرد |
| تێبینی | | | هەرسێ پوختەکە بنەماکەیان ئاماژەی پێدراوە. | | | | |
| ٤ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Science Life" | Gills | ------- | ریشاڵەکان | ______ |
| ٥ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Science Life" | Mammals | Sheep, cheetah, camel | شیردەرەکان | مەڕ، مەیمون، حوشتر |
| ٦ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Science Life" | birds | Seagull, ducks, bees, bat, parrot, eagle, goose, ostrich | باڵندە | نەورەس، قاز، هەنگ، شەمشەمە کوێرە، بەغبەغا، دال، مراوی، نەعامە |
| ٧ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Science Life" | Reptiles | Crocodile, gain tortoise | خشۆکەکان | تیمساح، کیسەڵ |
| ٨ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Science Life" | Amphibians | frog | وشکاوەکی | بۆق |
| ٩ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Science Life" | Fish | Gills, scales | ماسی | ریشاڵی ماسی، پولەکە |
| ١٠ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Science Life" | Insects | Ladybug, butterfly | مێشولە | قالۆنچە، پەپولە |
| ١١ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Science Life" | Roots | ------- | ڕەگ | ______ |
| ١٢ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Science Life" | Stem | ------- | قەد | ______ |
| ١٣ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Science Life" | Leaves | ------- | گەڵا | ______ |
| ١٤ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Science Life" | Flowers | -------- | گوڵ | ______ |
| ١٥ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Science Life" | Light | -------- | ڕوناکی | ______ |
| تێبینی | | | لە کۆی (١٢) پوختە، تەنها (٦) پوختەیان، بنەماکانیان بۆ دیاریکراوە. ئەمە جگە لە دانانی هەندێک لە بنەماکان بە پوختە، کە بێگومان ئەمەش نازانستییە و مایەی هەڵە تێگەیشتنی چەمکیانەیە. | | | | |
| ١٦ | ١ | ٣ | ژیانی زانست "Science Life" | Forest | Dark crayon, pencil, paper | دارستان | قەڵەمی ڕەنگاورەنگ، قەڵەم، پەرە |
| ١٧ | ١ | ٣ | ژیانی زانست "Science Life" | Desert | cactus, camels, deer's | بیابان | سنەوبەری بیابان، حوشتر، ئاسک |
| تێبینی | | | هەردوو پوختەکە، بنەماکانیان دیاریکراوە. | | | | |

خشتەی ژمارە (٤)

خشتەی (پوختە و بنەما)کانی بەشی یەکەمی پەرتوکی (زانست) بە زمانی ئینگلیزی و کوردی

| ژ | بەش "Unit" | پار "Chapter" | ناوی بەش | پوختەکانی پەرتوکەکە بە زمانی ئینگلیزی | بنەمای پوختەکان بە زمانی ئینگلیزی | پوختەکان بە زمانی کوردی | بنەمای پوختەکان بە زمانی کوردی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ١ | زەویناسی "Earth Science" | Land | Water, air, mountain , valleys, plains, qindil, | زەوی | ئاو، هەوا، شاخ، دۆڵ، دەشت، قەندیل |
| ٢ | ٢ | ١ | زەویناسی "Earth Science" | Mountain | ——— | شاخ | ——— |
| ٣ | ٢ | ١ | زەویناسی "Earth Science" | Valley | ——— | دۆڵ | ——— |
| ٤ | ٢ | ١ | زەویناسی "Earth Science" | Plain | ——— | دەشت | ——— |
| ٥ | ٢ | ١ | زەویناسی "Earth Science" | Rock | Chalk, big rock, small rock, rough rock, smooth rock | بەرد | ——— |
| ٦ | ٢ | ١ | زەویناسی "Earth Science" | Sand | Glass | خۆڵ | ——— |
| تێبینی | | | لێرەدا لە کۆی (٦) پوختە، تەنها (٣) پوختە، بنەماکانیان دیاریکراوە. ئەمە جگە لەوەی بە هەڵە هەندێک لە بنەمایان وەک پوختە داناوە، کە بێگومان نازانستییە و مایەی هەڵە تێگەیشتنی چەمکییانەیە، هەربۆیە بنەماشیان بۆ دیارینەکراوە. | | | | |
| ٧ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | Weather | Sunny, rainy, windy, snowy | ئاوهەوا | هەتاوی، باراناوی، ڕەشەبایی، بەفراوی |
| ٨ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | Wind gauge | ——— | هەوا پێو | ——— |
| ٩ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | Wind vane | ——— | ئاراستەی با | ——— |
| ١٠ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | Thermometer | ——— | گەرمی پێو | ——— |
| ١١ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | Rain gauge | ——— | ئامێری ڕێژەی بارانبارین | ——— |
| ١٢ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | Temperature | ——— | پلەی گەرما | ——— |
| ١٣ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | Wind | ——— | با | ——— |
| ١٤ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | Rain | ——— | باران | ——— |
| تێبینی | | | لێرەدا لە کۆی (٨) پوختە، تەنها (٢) پوختە، بنەمایان بۆ دیاریکراوە. ئەمە وێڕای بە هەڵە دانانی هەندێک لە بنەماکان بە پوختە، کە مایەی هەڵە تێگەیشتنی چەمکییانەیە و نازانستییە. | | | | |
| ١٥ | ٢ | ٣ | زەویناسی "Earth Science" | Seasons | Spring, Summer, Fall, Winter | وەرزەکان | بەهار، هاوین، پایز، زستان |
| ١٦ | ٢ | ٣ | زەویناسی "Earth Science" | Spring | ——— | بەهار | ——— |
| ١٧ | ٢ | ٣ | زەویناسی "Earth Science" | Summer | ——— | هاوین | ——— |
| ١٨ | ٢ | ٣ | زەویناسی "Earth Science" | Fall | ——— | پایز | ——— |
| ١٩ | ٢ | ٣ | زەویناسی "Earth Science" | Winter | ——— | زستان | ——— |
| تێبینی | | | لێرەدا لە کۆی (٥) پوختە، تەنها (١) پوختە، بنەمایان بۆ دیاریکراوە. ئەمە وێڕای بە هەڵە دانانی هەندێک لە بنەماکان بە پوختە، کە مایەی هەڵە تێگەیشتنی چەمکییانەیە و نازانستییە. | | | | |

## خشتەی ژمارە (٥)

## خشتەی (پوختە و بنەما)کانی بەشی دووەمی پەرتوکی (زانست) بە زمانی ئینگلیزی و کوردی

| ژ | بەش "Unit" | پار "Chapter" | ناوی بەش | پوختەکانی پەرتوکەکە بە زمانی ئینگلیزی | بنەمای پوختەکان بە زمانی ئینگلیزی | پوختەکان بە زمانی کوردی | بنەمای پوختەکان بە زمانی کوردی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Matter | Solid, liquid, gas | کەرەستە | مادده رەق، ماددەی شڵ، ماددەی گازیی |
| ٢ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Solid | —— | رەق | —— |
| ٣ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Weight | —— | کێش | —— |
| ٤ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Size | —— | قەبارە | —— |
| ٥ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Liquid | Water, oil, vinegar | شل | —— |
| ٦ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Gas | —— | گاز | —— |
| تێبینی | | | لێرەدا لە کۆی (٦) پوختە، تەنها (٢) پوختە، بنەمایان بۆ دیاریکراوە. ئەمە وێرای بە هەڵە دانانی هەندێک لە بنەماکان بە پوختە، کە مایەی هەڵە تێگەیشتنی چەمکیینانەیە و نازانستییە. | | | | |
| ٧ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Force | Push, pull, magnet, attract, straight, circle | هێز | پاڵپێوەنان، راکێشان، موگناتیس، هێزی راکێشان، راستەوراست، بازنەیی |
| ٨ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Push | —— | پاڵپێوەنان | —— |
| ٩ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Pull | —— | راکێشان | —— |
| ١٠ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Straight | —— | راستەوراست | —— |
| ١١ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Circle | —— | بازنەیی | —— |
| ١٢ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Magnet | —— | موگناتیس | —— |
| ١٣ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی"Physical Science" | Attract | —— | هێزی راکێشان | —— |
| تێبینی | | | لێرەدا لە کۆی (٧) پوختە، تەنها (١) پوختە، بنەمایان بۆ دیاریکراوە. ئەمە وێرای بە هەڵە دانانی هەندێک لە بنەماکان بە پوختە، کە مایەی هەڵە تێگەیشتنی چەمکیینانەیە و نازانستییە. | | | | |

## خشتەی ژمارە (٦)

## خشتەی (پوختە و بنەما)کانی بەشی سێیەمی پەرتوکی (زانست) بە زمانی ئینگلیزی و کوردی

گەر بەراوردی خشتەکانی (١، ٢، ٣) بە خشتەکانی (٤، ٥، ٦) بکەین، ئەوا راستەوخۆ ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە خوێندکار لە

خوێندنی بابەتی (زانست)دا و لە بارێکی زۆر نموونەیی زیرەکیدا، ئەوجا تەنها دەتوانێت لایەنێکی ڕاستییە زانستییەکانی بابەتە پێشکەشکراوەکان تێبگات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕییەکانی خاڵی (١، ٢)[١٣] و تێبینی نــاو هەرســـێ خشـــتەی (٤، ٥، ٦)، کە لە بەراوردکردنـــی خشـــتەکاندا دیاردەکەوێت. بێگومان ئەم کەموکورتییانە هەڵە تێگەیشتنی چەمکییانە لە ســەر ســەرجەم پوختەکــان و بنەماکانیــان لای خوێنــدکار دروســتدەکات. وێـــڕای ئەم کەموکـــورتییە زانســـتییەش، پەرتـــوکەکە و خســـتنەڕووە زانســتییەکانی زۆر بە شــێوەیەکی لاواز یــان هەرنەبــوو نەچــووە بە لای نواندنی جۆری دووەمی چوارچێوەی سیمانتیکی (پوختەکان)، کە ئەویش خۆی لە خستنەڕووی زانیاریی کلتورییانەی ئەو پوختانەدا دەبینێتەوە، کە لە خشــتەی (١، ٢، ٣)دا خــرانەڕوو. ئەمەش بە هــۆی ئەوەی، کە بە پێــی تیۆری (ســیمانتیکی چوارچێوەیی) هەر چەمکێک (کە وشــەیەک نمایندەی دەکات) تەنها کاتێک بە تەواوی لە واتاکەی تێدەگەین، کە بە تەواوەتی لەو چوارچێــوە واتــاییەی ئەو وشـــەیە ئەنــدامە تێیــدا تێــبگەین. خــودی ئەم چوارچێوە واتاییەش، کە (بنەما)ی هەر (پوختەیەک/چەمکێک) بونیاد دەنێت کۆزانیارییەکە و لە هەردوو زانیاری (زانستی و کلتوری) پێکدێن، کە هەر جــۆرە زانیارییەکیــان دەکرێــت لە ڕێــگەی وشــەی جیــاوازی (بنەمــا)کەوە ڕوونبکرێتەوە، تاوەکو خوێندکار چەمکەکە بە تەواوەتی تێبگات لە ڕێگەی تێگەیشــتن لە هەردوو جــۆر زانیــارییەکەی (بنەمــا)ی (پــوختە)کەوە، بەڵام ئەوەی لەم پەرتــوکەدا بەرچــاو دەکەوێت، تەنهــا جــۆری یەکەمــی زانیــاری (بنەمــا)ی (پوختە)کــانە، ئەویــش بە شــێوەیەکی نیوەناچــڵ و پەرتــوکەکە بە هــیچ کلۆجێــک بە لای جــۆری دووەمــی زانیــاری پێکهێــنەری (بنەمــا)ی (پوختە)کانــدا نەچـــووە. بەمەش خوێنـــدکار تووشـــی هەڵە تێگەیشـــتنی چەمکییانە دەبێتەوە و زەحمەتە بتوانێت زانیارییە زانستییە نیوەناچڵەکان لە سەر (پوختە)کان، کە لە خشتەی (١، ٢، ٣)دا خرانەڕوو پەیوەست بکات بە تێگەیشتنی پێشینە و ئەزموونی ڕۆژانەی ژیانی لەو واقع و ژینگەیەی

تێیدا دەژی، هەربۆیە لە داهاتوودا نەک هەر ناتوانێت بابەتە زانستییەکان لە ژیانیدا بەکاربێنێت یان خەڵکی تێبگەیەنێت یان داهێنانی پێ بکات، بەڵکو توشی هەڵە تێگەیشتنی چەمکییانە لە چەمکەکان (پوختە)کان دەبێتەوە و لە نێواندژییەکی بەردەوامدا دەژی.

بە مەبەستی پاساودانی گرنگینەدانی پێڕەوی پەرتوکەکە بە جۆری دووەمی زانیاری کلتوری (بنەما)ی (پوختە)کان، کە لە خشتەی (١، ٢، ٣)دا خرانەڕوو، لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات بۆ هەر (پوختە)یەکی خشتەکانی (١، ٢، ٣) تەنها وەک نموونە تەنها یەک (١) زانیاری کلتوری (کە لە شێوەی وشەیەکدا نمایندەی زانیارییە کلتورییەی چوارچێوە سیمانتیکییەکەی چەمکەکە دەکات) لە خشتەی (٧، ٨، ٩)دا بخرێنەڕوو:

| ژ | بەش Unit. | پار Chapter | ناوی بەش | پوختەکان بە زمانی کوردی | جۆری یەکەمی زانیاری (بنەما)ی (پوختە)کان (نموونەی وشەیی بۆ زانیاری زانستی) | نمایندەی جۆری دووەمی زانیاری (بنەما)ی (پوختە)کان (نموونەی وشەیی بۆ زانیاری کلتوری) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ١ | ژیانی زانست "Life Science" | هەستەوەرەکان | بەرکەوتن، بیستن، بینین، بۆنکردن، تامکردن | بۆ هەستی بینین، وەک زانیارییەکانی گۆشە نیگا وەک وشەی (لە ژێرەڵلا). |
| ٢ | ١ | ١ | ژیانی زانست "Life Science" | گیاندار | درەخت، ئاژەل | خێو |
| ٣ | ١ | ١ | ژیانی زانست "Life Science" | بێ گیان | کورسی، بەرد | گردۆڵکە |
| ڕونکردنەوە لە سەر خانەی کۆتایی خشتەکە | | | خوێندکار ڕاستە دەشێت لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا شارەزایی دەربارەی جۆری دووەمی زانیاری پوختەکان هەبێت، بەڵام ناتوانێت پەیوەست بە زانستەکەوە تێبگات و شارەزایی دونیایی و شارەزایی زانستیتی کەلێنی تێدەکەوێت و ئەم کەلێن و نیواندژییەش بە بەرەو پێچوونی لە زانستەکەدا گەورەتر دەبێت. | | | |
| ٤ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | ڕیشاڵەکان | ـــــــ | ڕیشاڵبوون |
| ٥ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | شیردەرەکان | مەڕ، مەیمون، حوشتر | شەک |
| ٦ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | باڵندە | نەورەس، قاز، هەنگ، شەمشەمە کوێرە، بەغبەغا، دال، مراوی، نەعامە | ڕیشۆڵە |
| ٧ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | خشۆکەکان | تیمساح، کیسەل | مارماسی |
| ٨ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | وشکاوەکی | بۆق | سەرەمێکوتە |
| ٩ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | ماسی | ڕیشاڵی ماسی، پولەکە | ماسی پانکە |
| ١٠ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | مێشولە | قالۆنچە، پەپولە | مێشومەگەز |
| ١١ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | ڕەگ | ـــــــ | ڕەگوڕیشە |
| ١٢ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | قەد | ـــــــ | قەد باریک (بەژن و باڵا) |
| ١٣ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | گەلا | ـــــــ | گەلا($100) / |
| ١٤ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | گوڵ | ـــــــ | گوڵی بامێ |
| ١٥ | ١ | ٢ | ژیانی زانست "Life Science" | ڕوناکی | ـــــــ | تاریکە سەڵات |
| ڕونکردنەوە لە سەر خانەی کۆتایی خشتەکە | | | خوێندکار ڕاستە دەشێت لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا شارەزایی دەربارەی جۆری دووەمی زانیاری پوختەکان هەبێت، بەڵام ناتوانێت پەیوەست بە زانستەکەوە تێبگات و شارەزایی دونیایی و شارەزایی زانستیتی کەلێنی تێدەکەوێت و ئەم کەلێن و نیواندژییەش بە بەرەو پێشچوونی لە زانستەکەدا گەورەتر دەبێت. | | | |
| ١٦ | ١ | ٣ | ژیانی زانست "Life Science" | دارستان | قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ، قەڵەم، پەڕە | نزار |
| ١٧ | ١ | ٣ | ژیانی زانست "Life Science" | بیابان | سنەوبەری بیابان، حوشتر، ئاسک | وشکەساڵی |
| ڕونکردنەوە لە سەر خانەی کۆتایی خشتەکە | | | خوێندکار ڕاستە دەشێت لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا شارەزایی دەربارەی جۆری دووەمی زانیاری پوختەکان هەبێت، بەڵام ناتوانێت پەیوەست بە زانستەکەوە تێبگات و شارەزایی دونیایی و شارەزایی زانستیتی کەلێنی تێدەکەوێت و ئەم کەلێن و نیواندژییەش بە بەرەو پێشچوونی لە زانستەکەدا گەورەتر دەبێت. | | | |

خشتەی ژمارە (٧)

خشتەی جۆری یەکەم و دووەمی زانیاری ( زانستی و کلتوری)یانەی پوختەکانی بەشی یەکەمی پەرتوکی (زانست) بە زمانی کوردی.

| ژ | بەش "Unit" | پار "Chapter" | ناوی بەش | پوختەکان بە زمانی کوردی | جۆری یەکەمی زانیاری (بنەما)ی (پوختە)کان (نموونەی وشەیی بۆ زانیاری زانستی) | نمایندەی جۆری دووەمی زانیاری (بنەما)ی (پوختە)کان (نموونەی وشەیی بۆ زانیاری کلتوری) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ١ | زەویناسی "Earth Science" | زەوی | ئاو، هەوا، شاخ، دۆل، دەشت، قەندیل | زەوی و زار |
| ٢ | ٢ | ١ | زەویناسی "Earth Science" | شاخ | ____ | چیا |
| ٣ | ٢ | ١ | زەویناسی "Earth Science" | دۆڵ | ____ | خەڕەند |
| ٤ | ٢ | ١ | زەویناسی "Earth Science" | دەشت | ____ | دەشتودەر |
| ٥ | ٢ | ١ | زەویناسی "Earth Science" | بەرد | ____ | بەردەنویژ |
| ٦ | ٢ | ١ | زەویناسی "Earth Science" | خۆڵ | ____ | خۆڵ و خاشاک |
| ڕونکردنەوە لە سەر خانەی کۆتایی خشتەکە | | | خوێندکار ڕاستە دەشێت لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا شارەزایی دەربارەی جۆری دووەمی زانیاری پوختەکان هەبێت، بەڵام ناتوانێت پەیوەست بە زانستەکەوە تێبگات و شارەزایی دونیایی و شارەزایی زانستیتی کەلێنی تێدەکەوێت و ئەم کەلێن و نیواندژییەش بە بەرەو پێشچوونی لە زانستەکەدا گەورەتر دەبێت. | | | |
| ٧ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | ئاوهەوا | هەتاوی، باراناوی، ڕەشەبایی، بەفراوی | کەشوهەوا |
| ٨ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | هەوا پێو | ____ | هەساو |
| ٩ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | ئاڕاستەی با | ____ | گاڕەش |
| ١٠ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | گەرمی پێو | ____ | قرچە قرچی گەرما |
| ١١ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | ئامێری ڕێژەی بارانبارین | ____ | شەستە باران |
| ١٢ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | پلەی گەرما | ____ | سەرما و سۆڵە |
| ١٣ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | با | ____ | بارەش |
| ١٤ | ٢ | ٢ | زەویناسی "Earth Science" | باران | ____ | گورگە زێ |
| ڕونکردنەوە لە سەر خانەی کۆتایی خشتەکە | | | خوێندکار ڕاستە دەشێت لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا شارەزایی دەربارەی جۆری دووەمی زانیاری پوختەکان هەبێت، بەڵام ناتوانێت پەیوەست بە زانستەکەوە تێبگات و شارەزایی دونیایی و شارەزایی زانستیتی کەلێنی تێدەکەوێت و ئەم کەلێن و نیواندژییەش بە بەرەو پێشچوونی لە زانستەکەدا گەورەتر دەبێت. | | | |
| ١٥ | ٢ | ٣ | زەویناسی "Earth Science" | وەرزەکان | بەهار، هاوین، پایز، زستان | چوار فەسڵە |
| ١٦ | ٢ | ٣ | زەویناسی "Earth Science" | بەهار | ____ | نەورۆز |
| ١٧ | ٢ | ٣ | زەویناسی "Earth Science" | هاوین | ____ | پوشپەڕ |
| ١٨ | ٢ | ٣ | زەویناسی "Earth Science" | پایز | ____ | گەڵاڕێزان |
| ١٩ | ٢ | ٣ | زەویناسی "Earth Science" | زستان | ____ | بەفرانبار |
| ڕونکردنەوە لە سەر خانەی کۆتایی خشتەکە | | | خوێندکار ڕاستە دەشێت لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا شارەزایی دەربارەی جۆری دووەمی زانیاری پوختەکان هەبێت، بەڵام ناتوانێت پەیوەست بە زانستەکەوە تێبگات و شارەزایی دونیایی و شارەزایی زانستیتی کەلێنی تێدەکەوێت و ئەم کەلێن و نیواندژییەش بە بەرەو پێشچوونی لە زانستەکەدا گەورەتر دەبێت. | | | |

## خشتەی ژمارە (٨)

## خشتەی جۆری یەکەم و دووەمی زانیاری ( زانستی و کلتوری)یانەی پوختەکانی بەشی دووەمی پەرتوکی (زانست) بە زمانی کوردی

| ژ | بەش "Unit" | پار "Chapter" | ناوی بەش | پوختەکان بە زمانی کوردی | جۆری یەکەمی زانیاری (بنەما)ی (پوختە)کان (نموونەی وشەیی بۆ زانیاری زانستی) | نمایندەی جۆری دووەمی زانیاری (بنەما)ی (پوختە)کان (نموونەی وشەیی بۆ زانیاری کلتوری) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | کەرەستە | ماددە رەق، ماددەی شل، ماددەی گازیی | شتومەک |
| ٢ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | رەق | ـــــ | رەقبوونەوە |
| ٣ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | کێش | ـــــ | بارستایی |
| ٤ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | قەبارە | ـــــ | کەتە |
| ٥ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | شل | ـــــ | شلەمەنی |
| ٦ | ٣ | ١ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | گاز | ـــــ | غازات |
| رونکـــردنەوە لە ســـەر خانەی کۆتایی خشتەکە | | | خوێندکار راستە دەشێت لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا شارەزایی دەربارەی جۆری دووەمی زانیاری پوختەکان هەبێت، بەڵام ناتوانێت پەیوەست بە زانستەکەوە تێبگات و شارەزایی دونیایی و شارەزایی زانستیتی کەلێنی تێدەکەوێت و ئەم کەلێن و نیواندژییەش بە بەرەو پێشچوونی لە زانستەکەدا گەورەتر دەبێت. | | | |
| ٧ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | هێز | پاڵپێوەنان، راکێشان، موگناتیس، هێزی راکێشان، راستەوراست، بازنەیی | بازوو |
| ٨ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | پاڵپێوەنان | ـــــ | واسیتە |
| ٩ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | راکێشان | ـــــ | یانسیب |
| ١٠ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | راستەوراست | ـــــ | رێکاورێک |
| ١١ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | بازنەیی | ـــــ | خولانەوە |
| ١٢ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | موگناتیس | ـــــ | خۆهەڵواسەر |
| ١٣ | ٣ | ٢ | زانستی فیزیکی "Physical Science" | هێزی راکێشان | ـــــ | خوێن شیرین |
| رونکردنەوە لە سەر خانەی کۆتایی خشتەکە | | | خوێندکار راستە دەشێت لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا شارەزایی دەربارەی جۆری دووەمی زانیاری پوختەکان هەبێت، بەڵام ناتوانێت پەیوەست بە زانستەکەوە تێبگات و شارەزایی دونیایی و شارەزایی زانستیتی کەلێنی تێدەکەوێت و ئەم کەلێن و نیواندژییەش بە بەرەو پێشچوونی لە زانستەکەدا گەورەتر دەبێت. | | | |

## خشتەی ژمارە (٩)

## خشتەی جۆری یەکەم و دوومی زانیاری ( زانستی و کلتوری)یانەی پوختەکانی بەشی سێیەمی پەرتوکی (زانست) بە زمانی کوردی

## ئەنجام

١. گەر ئەفسانەییانە لە چەمکی قسەکەری ڕەسەن و زمانی دایک لە لایەک و چەمکی (قسەکەری ناڕەسەن و زمانی بێگانە) نەڕوانین، ئەوا سانایانە تێدەگەین، کە نە قسەکەری ڕەسەن مایەی دواکەتنی زانستیمانە و نە زمانی بێگانەش دەبێتە هۆی پێشەکەوتنی زانستیمان.

٢. پێوانەکانی بوون بە قسەکەری زمانی دووەم لە کۆمەڵی کوردیدا نەڕەخساون.

٣. پێناسی کەسێتی مرۆڤ زۆر بە توندی بە پێناسی کەسێتیی زمانی قسەکەرە ڕەسەنەکانی زمانەکەوە بەستراوە.

٤. لەدەستدانی پێناسی کەسێتیی زمانی دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەڵبژاردە و لەناوچوونی زمانە ناوخۆییەکان لە وڵاتدا.

٥. خوێندنی خوێندکارانمان  بە زمانی دووەم ، خوێندکارانمان توشی گرفتی کۆزمانەوانی و زمانەوانی دەروونی دەکاتەوە، هەروەک لە خشتە کارەکییەکان و بەراوردەکانیدا دەرکەوت.

٦. خوێندن بە زمانی دووەم توشی گرفتی هەڵەتێگەیشتنی چەمکییانە لە بابەتە زانستییەکان دەبێتەوە، هەروەک لە خشتە کارەکییەکاندا خرایەڕوو.

## پێشنیاز

ئەگەرچی چارەسەری ئەم گرفتە لەڕووی تیۆرییەوە کارێکی قورس و مەحاڵە، بەڵام چارەسەرکردنی لە ڕوانگەی درکپێکردنی زانستی زمانی کارەکی و بەکاربردنی ڕۆژانەی زمان لە ناو کۆمەڵ و پیشە و پسپۆڕییە زانستییە جیاوازەکاندا دەشێت بەو شێوەیە مەحاڵ نەبێت. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت لێرەدا بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، پێشنیازی بۆچوونێکی زمانەوانییانەی نەرم و نیان بکرێت، ئەویش بەوەی ڕێوشوێنێکی فراوانتر بە زمانی ڕەسەن لە هەرێمەکەماندا بدرێت بۆ بەکاربردنی لە سەرجەم کایە زانستی و پەروەردەیی و پیشەییەکاندا، تا ڕێگە بدات بە قسەکەری ڕەسەن بە هەموو واتا کۆزمانەوانی و زمانەوانییە دەروونییەکانییەوە بە ڕەسەنی بمێنێتەوە چ لە سەر ئاستی زمانی فەرمیی هەرێمەکەمان بێت چ لە سەر ئاستی زارە بەکارهاتووەکانی تری هەرێمەکەمان بێت. لە هەمانکاتیشدا لە ڕێگەی هەر سێ پێواژۆی کۆزمانەوانی درکپێکراوی (کۆد تێکەڵکردن و کۆد گۆڕینەوە) و (خواستنی زمانیی) و (وەرگێڕان)ەوە زۆر بە بەهێزی و بە خێرایی کار بکرێت بۆ هێنان و ئاوێتەکردنی ئەو زاراوە و دەربڕاوە زانستییانەی زمانی جیهانی (ئینگلیزی) بۆ ناو زمانە فەرمییەکەی خۆمان و هەوڵدان بۆ پێدانی ناسنامەی زمانەوانی کوردی پێیان، تا بە هۆیەوە لە ماوەیەکی کەمدا لە بری دروستکردن و زیادکردنی زمانێکی تر لە هەرێمەکەماندا بە ناوی (زمانی ئینگلیزی - کوردی)، وەک زمانە گەشەکردووە نوێیە ئینگلیزییەکانی (ئینگلیزی - هیندی)، (ئینگلیزی - سەنگاپوری)، (ئینگلیزی- نەیجیری)، هەوڵبدرێت لە ڕێگەی ئەو سێ پێواژۆ کۆزمانەوانییەوە زمانی فەرمی کوردی دەوڵەمەند بکرێت لە ڕێگەی بزوتنەوەیەکی زانستی خێرای وەرگێرانەوە و زمانی (کوردی - ئینگلیزی) بهێنینە ناوانەوە، بە جۆرێک، کە سەرجەم وەرگرتنەکان لە خزمەتی زمانی کوردی و پێدان و بەخشینی پێناسی کەسێتی زمانەوانییانەی کوردی بێت

بە زمانەکەمـــان. لەم ڕێگەیەشـــەوە هەم لە ڕەوتە جیهـــانییەکەدا بەردەوام دەبین و هەم دوور دەکەوینەوە لە لەدەستدانی پێناسی کەسێتیی زمانی زمانەکەمان.

**پەراوێزەکان**

(١) زۆرێـــک لە لێکۆڵینەوەکـــان جەختێکـــی تـــایبەت دەخەنە ســـەر کـاریگەریی کەسـێتی و پێناسـی کەسـێتی قسـەکەر لە پێـواژۆی فێربـوونی زمـــانی دووەم و پێیـــانوایە، کە هەم زمـــان و کەســـێتی و هەم پێناســـی کەسێتیی کەسی فێرخواز و پێواژۆی فێربوونەکەی ڕاستەوانە وابەستەی یەکتـــرین، بـــۆ زانیـــاریی زیـــاتر لە ســـەر ئەمجـــۆرە بۆچوونـــانە و سەلماندنەکانیان، بڕوانە (Sepehri, Z.; Rakhshazni,F.; Keshavarz, K. and Kinani, Z 2013: 31).

(٢) بـۆ زانیـاری زیـاتر لە سـەر چەنـدوچوونەکانی ئەم دوو گـروپە لێکـۆڵەرانە، بـڕوانە کـاری لێکـۆڵەرانی ئەم بـوارە: Crystal (1997); Holborow(1999); Gradol(1999); Fishman, Cooper and Conrad (1975), MacArthur (1999); Phillipson. (1992).

(٣) لە بـارەی چەمکی زاراوەی (زمانپـاراوی"Fluency) ، زمـانەوان (فیلمۆر١٩٧٩) پێیوایە، کە چەمکی ئەم زاراوەی بریتییە لە توانای ئاخاوتنی درێژکـراوە بـێ هـیچ وەسـتان و پرتەپرتێـک، بە شـێوەیەک ئاخاوتنەکـان کـرۆکە واتـاییەکی دیـاریکراوی خۆیـان هەبێت، بە شـێوەیەک ئـاخێوەر تـــوانیبێتی دەقە زمـــانییە بەرهەمهاتووەکـــان گونجـــاو و شـــیاو لەگەڵ دەوروبەر ئاخاوتنییەکانـدا بەرهەم بهێنێـت، بە شـێوەیەکی داهێـنەرانەی پاراو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Dore, C. (2016: 4-6).

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Felix (1987); Birdsong (1992)

(٥) بە مەبەستی ئاشنابوون و شارەزابوون لە سەر ئەو بیروباوەڕە باوانەی لە لای فێرخوازی زمانی دووەم لە پێواژۆی فێربوونی زمانی دووەمدا بۆی دێتەکایەوە لە ئەنجامی بەراوردکردنی تواناکانی خۆی لە زمانی دووەمدا بە تواناکانی قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە و ئاشنابوون بەو ڕێباز و تەکنیکانە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دانراوە، بڕوانە لە: (Altan, M. 2006: 22).

(٦) بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر بۆچوونی ئەم سێ ڕێبازە جیاوازەی شرۆڤەی زمان، بڕوانە:

Evans, V. and Green, M. (2006:212-213)

(٧) بۆ زانیاری لە سەر بۆچوونی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە لەمبارەیەوە، بڕوانە: (Chomsky, N. (2000: 23-34

(٨) بە مەبەستی ئاشنابوون بە چییەتی ئەم فەلسەفەیە و بنەمایی لە دامەزراندنی قوتابخانەکەدا بڕوانە: ( Kibbee, A., D. 2010: 355-357)

(٩) بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر ئەم تایبەتمەندییانە لە زمانەکانی دونیادا لە ڕوانگەی زانستی زمانی کارەکییەوە، بڕوانە: Devies, A. (2004: 438)

(١٠) (پێناسی کەسێتی "Identity") زیاتر وەک چەمکێک ئاماژە بە سروشتی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ئابوری و ڕامیاری و پەروەردەیی و زمانیی مرۆڤێک دەدات لەو چێوە مرۆییە تاکگەراییەی هەیەتی لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی. بێگومان ئەم چەمکە، چەمکێکی ئاڵۆز و بگۆڕە و خاوەنی تایبەتمەندیی ژیانی ڕابردووی کەسەکە و بەردەوامبوونی و گفتوگۆ و چەندوچوونەکانی خۆیەتی بە تێپەڕبوونی ئەو مرۆڤە بە کات و شوێنە جیاوازەکاندا. ئەمە جگە لەوەی ئەم چەمکە زیاتر پێواژۆییەکی فێرکارییانەیە، کە لە پێواژۆی ژیان و ئەزموونی مرۆڤەکە لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا خەملێووە. هەربۆیە زۆرجار و لە هەندێک لە سەرچاوەکاندا بە زاراوەی (خودێتی"Subjectivity") ئاماژەی بۆ دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە (پێناسی کەسێتی) دەکرێت ئەم چەشنانەی بۆ دیاری بکرێت (پێناسی کەسێتیی ئێتنی "Ethnic Identity")، (پێناسی کەسێتیی ڕەگەزیی"Racial Identity")، (پێناسی کەسێتیی نەتەوەیی"National Identity")، (پێناسی کەسێتیی کۆمەڵایەتی "Social Identity") (پێناسی کەسێتیی زمانی "Language Identity").

بێگومان کاری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر کارکردن و جەختکردنەوەیە لە (پێناسی کەسێتیی زمانی"Language Identity") پەیوەست بە دیاریکردنی چەمکی (قسەکەری ڕەسەن)ەوە، بۆ زانیاری زیاتر لە چەمک و زاراوە و چەشن و جۆرەکانی (پێناسی کەسێتی) و تێڕوانینە جیاوازەکان لە بارەیانە، بڕوانە: Razaei, S. (2012: 45-47)

(١١) شـــرۆڤە بۆچـــوونە دژ بە یەکەکـــانی ئەم دوو گـــروپە دەبینرێتەوە لە: (1992:43-51) Phillipson.

(١٢) بـۆ زانیـاری زیـاتر لە سـەر ئەم تیـۆرییە لە زمـانەوانیی ئینگلیـزی و کوردیـدا، بـڕوانە: کـاروان عـومەر قـادر (٢٠١٧) و Fillmor, C., J. (1976)

(١٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لاپەڕە (22)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


- کـاروان عـومەر قـادر(٢٠١٧)، دارِشـتەی چەمـک لە زمـانی کوردیـدا، کۆنفرِانســی کــاریگەری زمــان و ئەدەب لە ســەر بنیــادی هــزری و درێژەپێدانی زانستی، زانکۆی ڕاپەڕین.


### سەرچاوە ئینگلیزییەکان


- Altan, X., M. (2006) Beliefs about Language Learning of Foreign Language- Major University Students, Australian Journal of Teacher Education, Volume (31), Issue (2).

- Birdsong, D. (1992) Ultimate attainment in second language acquisition, London: Routledge.

- Chomsky, N. (2000) New Horizons in the Study of Language and Mind, Cambridge University Press.

- Crystal, D. (1997) English as a global language, Cambridge: Cambridge University Press.

- Davies, A. and Elder, C. (2004) the Native Speaker in Applied Linguistics (The Handbook of Applied Linguistics), Blackwell Publisher.

- Dore, C. (2016) Perceptions of Fluency, University of Reading, British Council.

- Evans, E. and Green, M. (2006) Cognitive Linguistics (An Introduction), Edinburgh University Press LTD.

- Felix, S. W. (1987) Cognition and language growth, Dordrecht: Foris.
- Ferguson, C. (1983) Language planning and language change. In H. Cobarrubias & J. Fishman (eds.), Progress in language planning: international perspectives.
- Fillmor, C., J. (1976) Frame Semantics and the Nature of Language, In Annals New York Academy of Sciences.
- Fishman, J. A., Cooper, R. L., & Conrad, A. W. (1975) the spread of English, Rowley, MA: Newbury House.
- Graddol, D. (1999) the decline of the native speaker, In D. Graddol & U. H. Meinhof (eds.), English in a changing world.
- Holborow, M. (1999) the politics of English: a marxist view of language, London: Sage.
- Kibbee, A., D. (2010) Chomskyan (R) evolutions, John Benjamins Publishing Company.
- MacArthur, T. (1999) on the origin and nature of Standard English, World English.
- Paikeday, T. M. (1985) the native speaker is dead! Toronto and New York: Paikeday Pub. Co.
- Peacock, M. (2001) Preservice ESL teachers beliefs about Second Language Learning, A longitudinal Study System.

- Perez- Milans, M. (2015) Language and Identity in Linguistics Ethnography, Tilburg Paper Studies, No. (132), Tilburg University.

- Phillipson, R. (1992) Linguistic imperialism, Oxford: Oxford University Press.

- Razaei, S. (2012) Researching Identity in Applied Linguistics, the International Journal of Language Society and Culture.

- Sepehri, Z.; Rakhshani, F.; Keshavarz, k. and Kinani, Z. (2013) Effect of Personality on Learning Language, International Conference "ICT for Language Learning" 6th edition.

- Scientific Commit (2016) SCIENCE (Grade One), KRG Government, Ministry of Education.

- Tajfel, H. (1981) Human groups and social categories, Cambridge: Cambridge University Press.

## مخلص

هذا البحث المعنون بـ (هوية مُتَحَدث فِطري بين الأسطورة و التصديق العلمي" سوء الفهم للمصطلحات العلمية باللغة الانجليزية للمادة – علوم – للصف الاول الابتدائي نموذجاً") محاولة للتحليل أهمية مَفهوم مُتَحَدث فِطري في اللغة بِشكل العام و في اللغة الكردية بِشكل خاص. البحث حاول مِنْ الَمنظور (عِلم اللغة التَطبيقي) و وفق الفهم معنى (هوية اللغوية للمتحدثون الاصليون باللغة الأُم) أن يُبينً أهمية مَفهوم (مُتَحَدث فِطري) و (هوية المُتَحَدث فِطري). أن البحث يُحاول شرح و تحليل منظورٍ خاص اتجاه هذا الموضوع وَ هي أن اللغة الأُم كاللغة الآول للمُتَحَدِث فِطري ليسَ أساسٌ فقط للحماية اللغة لأُم، بل أساسٌ مَتين لِلتسهيل تَعَلُم و التَطور العقلي للمُتَحَدِث فِطري. مِن هذا المنظور تَعَلُم المُتَحَدث فِطري باللغة الأُم يُسهل عملية التعلُم و يَبعِدهُ عَن سوء الفهم و اللتِباس لِلمَفاهِم العلمية في علوم الطبيعية و الانسانية.

من هذه المنطلق انقسم البحث الى القسمين، ففي القسم الاول حاولنا تحليل مفهوم هوية مُتَحَدث فِطري بين الأسطورة و التصديق العلمي. أما القسم الثاني في البحث (مُتَحَدث فِطري كالهوية) حاولنا شرح و عرض المفهوم (هوية و هوية اللغوية)، كما شُرِح ماهية فُقدان هوية اللغوية و أبعاده السلبية على المتحدثون الاصليون و عملية تَعَلُمِهم.

و في لآخير اعتماداً على النظرية (اطار الدلالي) في (دلال الادراكي/ علم اللغة الادراكي) حاولنا توضيح و التحقيق العملي، لِذا أخذنا المصطلحات العلمية كالعَينة البحث مِنْ كِتاب (علوم باللغة الانجليزية للصف الاول الابتدائي) الذي يُدَرِس باللغة الانجليزية في الآقليم كَردستان، و قَدمنا فيها شَرحٌ عَمليٌ المُفصل لِلكتاب و كما حللنا أسباب سوء الفهم و اللتِباس المفاهم العلمية عِندَ طُلاب كالمتحدثون الاصليون للغة الكردية الذين يُدرسون باللغة الثانية/ اللغة الانجليزية.

## ABSTRACT

This Research labeled (Identity of Native Speaker between Myth and Science “conceptual Misunderstanding of English Scientific Term of – SCIENCE – for Grade One”).The research attempt to analysis the importance of Native Speaker concept in language, especially in Kurdish language. According to the Applied Linguistics particularly Language Identity connotation, the research endeavor to represent the value of Native Speaker and Identity of Native Speaker. Core idea of this research it’s an important of Mather Language concept, witch is a First Language (L1) of Native Speaker, and we’re believes that (L1) isn’t just a basis for survive languages, but also it’s a basis for facilitation the learning process and mentality development of Native Speaker. So the learning process of Native Speaker in his Mather Language make his learning process faster and easer, also keep him away from conceptual Misunderstanding of scientific term in both natural and human Sciences. According to this construal the research divided to main two chapters, in the first chapter we venture to represent and evaluation for “Identity of Native Speaker between Myth and Science”. In the second chapter “Native Speaker as an Identity” attempt practically to illustrate the basic construal to understanding the two concepts “Identity and Language Identity” and in this chapter represent a unique analysis to quantity and quality of losing Identity of Native Speaker and his negative dimensions for Native Speaker and his learning process, and Mather Language.

As a practical method in this research we took all the English Scientific Term in the “SCIENCE” book for Grade One, witch learnt in English language/Foreign Language in KRG, and we attempt to analysis them according to Semantic Frame theory in Cognitive Semantics in the Cognitive Linguistics. In this practical

section according to our theory and methodology we make a critical reading to the book, and show the positive and negative side of it, also we make an evaluation for the cause of conceptual misunderstanding in the book, and represent all this evaluation in analyzing comparative nine tables.